# شەهیدان

قەلاتان

قارنێ




## کۆمەڵکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی رەحمان نەقشی

## لێکدانەوەی شەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ١٩٧٩- ١٩٩١

س.ماکوان

کوشتنی بەکۆمەڵ یانێ لە مەترسی هاویشتنی بوونی کۆمەڵێک لە ئینسانەکان یان گەلێک. دەکرێ کوشتنی بەکۆمەڵ لە تاقە وشەیەکدا کورت بکرێتەوە "سیفر کردن" واتە کۆمەڵێک ئینسان لەگەڵ سیفر بەرانبەر بکرێن. ئەمە پێناسەیەکە لە کۆمەڵکوژی کە Henri R Huttenbach پرۆفیسۆری زانستی سیاسەت لە زانستگای نیویۆرکی ئامریکا لە کۆمەڵکوژی دەیدا.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریدا دەستیکرد بە کوشت و بڕ و لەنێو بردنی فیزیکی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئایا دەکرێ وەک کۆمەڵکوژی یان قەڵاچۆ پڕ بە مانا سیاسییەکەی ناوزەد بکرێ؟ دانی حوکمی جیهادی لە دژی خەڵکی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دەکرێ وەک حوکمی قەڵاچۆ و کۆمەڵکوژی بنرخێندرێ.

تابلۆی سەرجەمی کۆمەڵکوژییەکان:

## بەشی یەکەم: کۆمەڵکوژییەکان

| ڕیز | ناوی گوند | ناوچە | ڕێکەوت | کوژراو و سافکراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قارنێ | نەغەدە | ١٩٧٩ | ٤٩ |
| ٢ | قەڵاتان | نەغەدە | ١٩٧٩ | ١٢ |
| ٣ | دیلانچەرخ ، حەڵبی ، کۆیکان ، کەریزەی شکاکان | نەغەدە | ١٩٨١ | ٢٣ |
| ٤ | چەقەڵ مستەفا | نەغەدە | ١٩٨٢ | ١٣ |
| ٥ | خەلیفەلیان ، گۆرخانە | نەغەدە | ١٩٨٢ | ٨ |
| ٦ | ئیندرقاش و وسووکەند | مەهاباد | ١٩٧٩ | ٣٥ |
| ٧ | قەرە گوێ | مەهاباد | ١٩٨١ | ١٨ |
| ٨ | سەوزی | مەهاباد | ١٩٨١ | ٩ |
| ٩ | دێمە سوور ، جافرئاوا ، مەرجان ئاوا | مەهاباد | ١٩٨١ | ٩ |
| ١٠ | بایزئاوای | شنۆ | ١٩٨٠ | ٢١ |
| ١١ | جبرەئیل ئاوی ، گوندە وێڵە ، دووئاو | شنۆ | ١٩٨٢ | ٦ |
| ١٢ | کورەخانەی ساروقامیش | بۆکان | ١٩٨٠ | ١٣ |
| ١٣ | هەڵەقووش و گێچە | ورمێ | ١٩٨٢ | ١٣ |
| ١٤ | سۆفیان | پیرانشار | ١٩٧٩ | ١٢ |
| | | | | کۆی گشتی : ٢٤٢ |

کوشتنی بەکۆمەڵ یانێ کوشتنی هەموو کەسێک واتە کاتێک مەبەست ئەوە بێ گەلێک قەڵاچۆ بکرێ. کوشتنی بەکۆمەڵ یانێ لە مەترسی هاویشتنی بوونی کۆمەڵێک لە ئینسانەکان یان گەلێک. دەکرێ کوشتنی بەکۆمەڵ لە تاقە وشەیەکدا کورت بکرێتەوە "سیفر کردن" واتە کۆمەڵێک ئینسان لەگەڵ سیفر بەرانبەر بکرێن. ئەمە پێناسەیەکە لە کۆمەڵکوژی کە Henri R Huttenbach، پرۆفیسۆری زانستی سیاسەت لە زانستگای نیویۆرکی ئامریکا لە کۆمەڵکوژی دەیدا. قەڵاچۆی جوولەکەکان و قەرەچەکان لە ئوروپا، قەڵاچۆی ئەرمەنیەکان و کوردەکان بە دەستی ئەتاتورک، کوشتنی هەشت سەد هەزار خەڵکی تووسی لە ڕوواندا، کوشتوبڕی خێمیری سوور لە کامبودجیا و هەروەها کوشتنی بۆسنییەکان و سەربەکان لە یەکتری نموونەکانی کۆمەڵکوژین لە جیهاندا.

پرۆفیسۆر هاتێنباخ بێجگە لە کوشتن و بڕینی فیزیکی ئاماژە بەوەش دەکا کە زمان بڕین و مراندنی کولتوور و مێژوو و هەروەها داهاتووی گەلێک جۆرێک کوشتنی بەکۆمەڵە بەڵکو خراپتر لە خودی کوشتنی بەکۆمەڵە، چونکە لێرەدا هەموو هەست و نیستی گەلێک لە ڕیشە هەڵدەکەندرێ، هەر بۆیە ئەمەش جۆرێک لە کوشتنی بەکۆمەڵە و ڕەنگە لەویش خراپتر و مەترسیدارتر بێ. لێرەدا بە پێی ناساندی هاتێنباخ بە هۆی ئەو قەدەغەکارییەی کە لە سەر زمانی کوردی لە لایەن حکوومەتەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا ئەنجام دراوە، جۆرێک لە کوشتنی بە کۆمەڵ لەسەر کورد بەڕێوە براوە.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریدا دەستیکرد بە کوشت و بڕ و لە نێو بردنی فیزیکی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئایا دەکرێ وەک کۆمەڵکوژی یان قەڵاچۆ پڕ بە مانا سیاسییەکەی ناوزەد بکرێ، جێگەی باس و مناقشەیە. دانی حوکمی جیهادی لە دژی خەڵکی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دەکرێ وەک حوکمی قەڵاچۆ و کۆمەڵکوژی بنرخێندرێ. چونکە لەو حوکمەدا خومەینی ڕووی قسەی لە لانیکەم بەشێکی زۆر لە گەلی کورد بوو، کە حوکمی جیهادی لە دژ دابوون. بەڵام وەک دیترا بە هۆی بەرگری و خۆراگری چەکدارانەوە، گەلی کورد وەڵامی حوکمی خومەینی دایەوە و لە ڕاستیدا نەیهێشت ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ و هەر بۆیەش دواتر خومەینی بۆ خۆی داوای وتوویژی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان کرد و قۆناخێکی هەر چەند کورت لە نە شەر و نە لە ئاشتی لە کوردستان دەستپێکرد. کەواتە دەکرێ بگوترێ کە حوکمی جیهادی خومەینی لە خۆیدا حوکم و بڕیاردانی بە کۆمەڵ کوشتن بوو بەڵام ئەوەی کە نەتوانرا ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ مەسەلەیەکی دیکەیە.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە مەبەست لە کۆمەڵکوژی تەنیا ڕادەی زۆری کوژراوەکان نییە، بەڵکو ئەو مەبەستە سیاسی، ئیدۆلۆژی یان مەزهەبییە کە لە پشتەوەی کۆمەڵکوژییەکان ڕاوەستاوە، واتە ئەو بڕیارە سیاسییەی کە لەودا نکۆڵی لە کۆمەڵێک ئینسان یان ئیتنیکێکی جیاواز دەکرێ و قەڵاچۆو لەنێوبردنیان بە ڕەوا دەزاندرێ. لەم ڕوانگەیەشەوە حوکمی جیهادی خومەینی دەتوانرێ وەک بڕیاری قەڵاچۆ و لەبەینبردنی گەلی کورد ببیندرێ.

بێجگە لە حوکمی جیهادی خومەینی نەبێ بەڵگەیەکی وا لە دەستدا نییە کە کۆماری ئیسلامی بڕیاری قەڵاچۆی فیزیکی کوردی دابێ بە پێی ئەو مانا سیاسییەی کە لە کۆمەڵکوژی یان جینۆساید لە فەرهەنگی سیاسیدا دەکرێ. کەواتە ئەگەرچی کۆکوژی یان بەکۆمەڵ کوشتن لە ناوچەکانی کوردستاندا لە لایەن هێزەکانی حکوومەتەوە ئەنجام دراوە، بەڵام زەحمەتە بۆ ئەو کۆکوژییانە دەستەواژەی جینۆساید یان بەرانبەری کوردییەکەی قەڵاچۆ دابنرێ. هەر بۆیە لەمەوبەدوا مەبەستی من لە کۆمەڵکوژی، جینۆساید یان قەڵاچۆ نییە بەڵکو مەبەست ئەو ڕووداوانەن کە لەواندا بەکۆمەڵ خەڵکی سیڤیلی کورد کوژراون.

وەک لە تابلۆی سەرەوەدا دەردەکەوێ لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ هەتا ١٩٨٢ لە ماوەی نزیک بە چوارساڵدا لانیکەم چواردە کۆمەڵکوژی بە هۆی هێزەکانی حکوومەتی ئێرانەوە لە گوندەکانی کوردستان ڕوویانداوە. لەو کۆمەڵکوژیانەدا بە سەدان کەس کوژراون کە هەتا ئێستا تەنیا ناوی ٢٤٢ کەس تۆمار کراون.

لەو ٢٤٢ کەسە ١٠٥ کەس یان ٤٤%ی خەڵی گوندەکانی ناوچەی نەغەدەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە نەغەدە هەم لە باری زۆربەی کۆمەڵکوژییەکان و هەم لە بارەی زۆربەی کوژراوەکانیش لە پلەی یەکەمی تابلۆی سەرەوەدا دێ. ئەمە لە هەماناکاتدا نیشان دەدا کە نزیک بە نیوەی هەموو کۆی کوژراوەکان لە ناوچەی نەغەدە ڕوویانداوە. لە پلەی دووەمدا لە تابلۆی سەرەوەدا مەهاباد هاتووە کە ٧٢ کەس یان ٣٠ %ی کۆمەڵکوژییەکان لەوێ ڕوویانداوە. پاش مەهاباد و لە پلەی سێهەمدا ناوچەکانی شنۆ دێن کە لەسەر یەک ٢٦ کەس یان ١١ %ی کوژراوەکان لەوێ ڕوویانداوە. پاشماوەی کوژراوەکان واتە ٣٨ کەس یان ١٥ %ی کوژراوەکان هی ناوچەکانی وەک بۆکان، پیرانشارو ورمێن.

وەک گوترا، حوکمی جیهادی خومەینی لە خوڵقاندنی کۆکوژییەکاندا دەوری بەرچاوی گێڕاوە بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە نزیک بە تێکرای کۆکوژییەکان بە هۆی خەڵکی چەکداری ئازەری یان تورکی سەربە حکوومەتی ناوەندی لە ناوچەوە بەڕێوە چووە. هەر لەم پێوەندییەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکرێ کە بۆ نموونە بۆچی زۆربەی کۆکوژییەکان لە نەغەدە ڕوویان داوە؟ دەکرێ چەند هۆکارێک لەم پێوەندییەدا دەستنیشان بکرێ:

یەکەم، گرینگترین هۆکار دەبێ هەڵکەوتنی جوگرافی نەغەدە بێ، واتە هاوسنوور بوون و هێندێک جار تێکەڵاوی نێوان کورد و تورک یان وەک دەگوترێ ئازەری. لەم ناوچەیەدا لە دێر زەمانەوە کێشەی ئیتنیکی نێوان کورد و ئازەری هەبووە کە بە هۆی شۆڕشی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دیسان گڕوتینێکی تازەی تێکەوتبۆوە و بە تایبەتی بیانووی ئەوەش هەبوو کە گەلی کورد هەستابووە سەر پێ، چەکدار بوو و داوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی دەکرد. ناوچەی مەهاباد کە پاش نەغەدە دووەمین ناوچەیە کە زۆرترین کۆکوژی لەوێ ڕوویداوە. ئەم ئیستیدلالە یان ئارگومێنتاسیونەی سەروە دەسەلمێنێ چونکە مەهابادیش بە جۆرێک هەمان تایبەتمەندی نەغەدەی هەیە و کورد و تورک لە نێزیک یەکتری دەژین. بێجگە لەمە مەهاباد لەو ساڵانەدا و پاشتریش ناوەندی سەرەکی شەر و پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هەروەها وەک ناوچەیەکی سیمبۆلیکیش لە بزووتنەوەی کورددا، کۆماری ئیسلامی قورسایی هێرشە نیزامییەکانی خستبێتە ئەو ناوچەیە.

دووەم، هۆکارێکی دیکەی گرینگ بێجگە لە جیاوازی ئیتنیکی جیاوازی مەزهەبییە لە نێوان کورد و ئازەریدا کە بە هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی ئیسلامی شیعە ئەم جیاوازییە قوڵتر بووبۆوە. بەتایبەت مەلا شیعە ئازەرییەکان کە بە دڵ و گیانەوە لەگەڵ خومەینی کەوتبوون و لە گەرمکردنی ئەم کێشەیەدا نەخشی گەورەیان گێڕاوە. بە پێی پێشینەی کێشە و دووبەرەکی مەزهەبیی لە نێوان کورد و ئازەری، دەبێ لە لایەن ئازەرییە شیعەکانەوە پێشوازی گەرم لە فەرمانی جیهادی خومەینی کرابێ. حوکمێکی مەزهەبی کە لە لایەن گەورەترین مەرجەعی دینیەوە دەرکرابوو. قسەکانی مەلایەکی توندئاژۆی وەک حەسەنی لە ورمێ و هاندانی ئازەرییەکان لە دژی کورد دەتوانێ ئەم قسانەی سەرەوە بسەلمێنێ.

وەک لە تابلۆی سەرەوەدا دەردەکەوێ، کۆکوژییەکان لە ساڵەکانی هەوەڵی شۆرشی ئێراندا واتە لە نێوان ١٩٧٢ هەتا ١٩٨٢ ڕوویان داوە و لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە سەرەڕای ئەوەی بە هەزاران خەڵکی سیڤیل لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا لە شەڕی کوردستاندا کوژراون (لە بەشەکانی دیکەدا باس دەکرێن) بەڵام کۆکوژییەک کە هەمان تایبەتی کۆکوژییەکانی تابلۆی سەرەوەی هەبی ڕووی نەداوە. ئەمەش لە خۆیدا دەتوانێ چەند هۆکارێکی هەبێ:

* لەو هۆکارانە یەک دەتوانێ ئەوە بێ کە لە بەرانبەر ئەو کۆکوژییانەی حکوومەتدا، کوردەکانیش لە هێندێک ناوچەی وەک نەغەدە بە چەکی قورسی وەک تۆپخانە هێرشیان کردۆتە سەر چەند گوندێکی تورکنشین (دیارە لە کوژراو و برینداری تورکەکان زانیارییەک لە هەوێڵدا نییە) و ئەمەش بووبێتە هۆی ترساندنی تورکەکانی سەر بە حکوومەت و پاش ئەمە نەیانوێرابێ وەک جاران هێرش بکەنە سەر گوندی کوردەکان و دەستبکەن بە کۆکوژی.

* هۆکارێکی دیکە دەتوانێ ئەوە بێ کە بە هۆی ئەو ڕخنە و گازندانەی کە لە سەر کۆکوژییەکان کرایە سەر کۆماری ئیسلامی بە تایبەت بە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆکوژییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، حکوومەتی ناچار کردبێ کە لە کردەوەکانیان لە کوردستاندا پێداچوونەوەیان بە خۆیاندا هەبێ و شێوەیەی دیکە جیاواز لە کۆکوژی لە سەرکوتی خەڵکی کورد بگرنەبەر.

* هەروەها هۆکارێکی دیکەی ڕێتێچووتر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەو کۆکوژییانە نەگەیشتبێتە مەبەستە نیزامییەکانی لە کوردستان واتە ترساندنی خەڵک و هەڵگەڕانەوەیان لە ڕێکخراوە کوردییەکان، بەڵکو کۆکوژییەکان بە پێچەوانە بوونە هەوێنی زیاتر تووڕەیی و بێزاری خەڵکی کورد بە تایبەت لەو ناوچانەی کۆکوژییەکانیان تێدا ئەنجام دراون. یان ئەوە خەڵک لە ترسی دووبارە بوونەوەی کۆکوژی لە گوندەکانی دیکە دەستیان داوەتە بەرگری زیاتر و ئەمەش بووبێتە هۆی پاشگەز بوونەوەی حکوومەت و هێزە خۆماڵییە ئازەریەکانی ناوچە لە ئەنجامدانی کۆکوژی دیکە.

لە دوو لەم کۆمەڵکوژییانەدا یەک لە گوندی بایزاوێی نەغەدە ١٨ای خەزەلوەری ١٣٦٠ (پاشکۆی ٥) و یەک لە لە گوندەکانی جبرەئیلئاوا، گوندەوێڵە، دووئاو لە ناوچەی شنۆ ٢٣ی خەرمانانی ١٣٦٢ (پاشکۆی ١٤) بە گوێرەی سەرچاوەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران گۆیا پارتی دیمۆکراتی کوردستان - عێراق (قیادە مەوەقەتە) لەم کۆکوژییانەدا بەشداری کردووە. هەروەها بە پێی سەچاوەی ڕێکخراوی کۆمەڵەش (پاشکۆی ١٥) لە کۆمەڵکوژی گوندی بایزاوێ گۆیا پارتی دیمۆکراتی کوردستان - عێراق (قیادە مەوەقەتە) بەشداری کردووە.

بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی هەردوو ڕێکخراو ئاماژە بە بەشداری پارتی دیمۆکراتی کوردستان - عێراق (قیادە مەوەقەتە) دەکەن بەڵام ئامارێکی وەک یەک لە ڕادەی کۆژراوەکان بە دەستەوە نادەن و هەر ڕێکخراوێک ئامارێک نیشان دەدا. لە ئاماری حدکادا ژمارەی کوژراوەکان ٩ کەسن و هەمووشیان سیڤیلی خەڵکی گوندن و هەروەها ئاماژەیەک بە کوژرانی ئەندامانی کۆمەڵە ناکرێ. لە ئاماری کۆمەڵەدا کوژراوەکان ١٢ کەسن و هەمووشیان گۆیا ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەن. ئەمەش لە خۆیدا نیشان دەدا کە زۆربەی ئەو ئامارانەی کە ئەو ڕێکخراوانە

نیشانیان داوە کەم و کوڕی تێدایە و نابێ سەد لە سەد پشتیان پێ ببەسترێ.
لە پێوەندی بەشداری هێزەکانی قیادە مەوەقەتە لەم کۆکوژییانەدا دەبێ بگوترێ کە ئەوەی ئەوان لە زۆر شەڕدا بە تایبەت لە ناوچەکانی ناوەند و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، شان بە شانی هێزەکانی حکوومەتی ئێران لە دژی هێزەکانی حدکا و کۆمەڵە بەشداریان کردووە، شک و گومانێک نییە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم و زۆر لەم بارەوە ئاگادارن. بەڵام ئەوەی ئەوان واتە هێزەکانی قیادە مەوەقەتە لە کۆمەڵکوژییەکانیشدا بەشداریان کردبێ بێجگە لەو سەرچاوانەی حدکا و کۆمەڵە نەبێ سەرچاوەی دیکە لە هەوێڵدا نییە کە ئەو گووتنانە پشتڕاست بکاتەوە.

## پاشکۆکان:

### ۱- کۆکوژی گوندی قارنێ لە ناوچەی نەغەدە ۱۱ی خەرمانانی ۱۳۵۸ ( ۲ی سیپتامبری ۱۹۷۹)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | ڕەحمان ئابزەن | ۱۴ | سەید محەممەد تاهیری | ۲۷ | ڕەحیم خوسرەوی | ۴۰ | مراد خوسرەوی |
| ۲ | حاجی شەریف ئەبرووشی | ۱۵ | سەید کەریم ئەروەندی | ۲۸ | مەحموود شەبڕەو | ۴۱ | ڕەسول خوسرەوی |
| ۳ | مەحیبەدین ئەبرووشی | ۱۶ | مەلا مەحموود بێهتەرزادە - پێشنوێژی مزگەوت | ۲۹ | سلێمان هەمزە پوور | ۴۲ | سەعید خوسرەوی |
| ۴ | محەممەد عەزیزی | ۱۷ | قادر سلێمانی | ۳۰ | ئیبراهیم ڕەسووڵی | ۴۳ | مستەفا خوسرەوی |
| ۵ | مستەفا عەزیزی | ۱۸ | کەریم سلێمانی | ۳۱ | عەلی - شوانی گوند | ۴۴ | ئەبوبەکر شیشمان |
| ۶ | عوسمان شەریفی ئازەر | ۱۹ | ڕەحمان سلێمانی | ۳۲ | خوسرەو ئەفشین | ۴۵ | عەلی شیشمان |
| ۷ | ئامینە شەریفی ئازەر | ۲۰ | ڕەحیم سلێمانی | ۳۳ | حەسەن - ۱۳ ساڵان | ۴۶ | عەزیز مەرزەنگ |
| ۸ | حاجی ڕەحمان شەریفی ئازەر | ۲۱ | عەبدوڵا ئەحمەدپوور | ۳۴ | کەریم رامینی | ۴۷ | ئەحمەد سەعادەت پوور |
| ۹ | حاجی سەعید تاهیری | ۲۲ | ئەبووبەکر ئەحمەدپوور | ۳۵ | ئەحمەد رامینی | ۴۸ | جافر شیشمان |
| ۱۰ | سەید قادر تاهیری | ۲۳ | عوسمان ئەحمەدپوور | ۳۶ | زەینەب رامینی | ۴۹ | عەبدوڵا خوسرەوی |
| ۱۱ | سەید فەتاح تاهیری | ۲۴ | جەعفەر بواسی | ۳۷ | خاتووزین رامینی | | |
| ۱۲ | سەید ئیسماعیل تاهیری | ۲۵ | عومەر بواسی | ۳۸ | ئیبراهیم پویا | | |
| ۱۳ | سەید ڕەحمان تاهیری | ۲۶ | مستەفا بواسی | ۳۹ | ڕەحمان رامینی | | |

### ۲- کۆکوژی گوندی قەڵاتان لە ناوچەی نەغەدە ۶ی خاکەلێوەی ۱۳۵۹ (۲۶ی مارسی ۱۹۸۰)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | عەبدوڵا چوکەڵ | ۴ | حاجی ڕەسووڵ | ۷ | حاجی مەلا سەید حەسەن | ۱۰ | حاجی حەسەن |
| ۲ | مەحموود کوردە | ۵ | حاجی محەممەد | ۸ | حەلیمە - خێزانی سۆفی حەسەن | ۱۱ | ڕەحمان مەولوودی |
| ۳ | ئەبووبەکر کاروز | ۶ | حەسەن کوردە | ۹ | عوسمان ئازەری | ۱۲ | رەمەزان مەنفاوی - خەڵکی شنۆ |

### ۳- کۆکوژی گوندەکانی ئیندرقاش و وسووکەند لە ناوچەی مەهاباد ۱۳ی خەزەلوەری ۱۳۵۹ ( ۴ی نوامبری ۱۹۸۰)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | حاجی مستەفا - ئیندرقاش | ۱۳ | زوبەیدە حەمەدۆکی - ئیندرقاش | ۲۵ | عەلی ئەحمەد شێخە - ئیندرقاش |
| ۲ | سەید عەلی - ئیندرقاش | ۱۴ | مەحموود شێخی - ئیندرقاش | ۲۶ | بیلال عەجەم - ئیندرقاش |
| ۳ | ڕەحیم ئەندەرز - ئیندرقاش | ۱۵ | کەریم سەیدە - ئیندرقاش | ۲۷ | حوسێن خۆیی - ئیندرقاش |
| ۴ | ساڵح ئەندەرز - ئیندرقاش | ۱۶ | سلێمان کەریم سەیدە - ئیندرقاش | ۲۸ | حاجی خۆیی - ئیندرقاش |
| ۵ | ڕەحمان شەوقی - ئیندرقاش | ۱۷ | ڕەسووڵ سەیدە - ئیندرقاش | ۲۹ | سلێمان گاقوڵە - ئیندرقاش |
| ۶ | مەحموود موحەمەدئاغا - ئیندرقاش | ۱۸ | حوسێن خدر حاجی - ئیندرقاش | ۳۰ | ئەحمەد حەسەن - ئیندرقاش |
| ۷ | سلێمان موحەمەدئاغا - ئیندرقاش | ۱۹ | عوسمان سەعید لولو - ئیندرقاش | ۳۱ | عەبدوڵا پاسەبانی - وسووکەند |
| ۸ | موحەمەد قەنبەری - ئیندرقاش | ۲۰ | خوسرەو حاجی وەیسی - ئیندرقاش | ۳۲ | عەزیز ئیسماعیل - وسووکەند |
| ۹ | خدر قەنبەری - ئیندرقاش | ۲۱ | خالید حاجی وەیسی - ئیندرقاش | ۳۳ | مستەفا وسووکەند - خەڵکی پشتتەپە |
| ۱۰ | عەلی قەنبەری - ئیندرقاش | ۲۲ | پەریزاد - ئیندرقاش (خێزانی ئیبراهیم) | ۳۴ | ئەبوبەکر خاوشی - وسووکەند |
| ۱۱ | سەید ڕەحمان - ئیندرقاش | ۲۳ | عەبدوڵا مەحموود ڕەحیمی - ئیندرقاش | ۳۵ | هەمزە کەشوانی - وسووکەند |
| ۱۲ | ئیرەج حەمەدۆکی - ئیندرقاش | ۲۴ | دەروێش موحەمەد - ئیندرقاش | | |

## ٤- کۆکوژی گوندی سۆفیان لە ناوچەی پیرانشار ٢٧ی خەزەلوەری ١٣٥٩ ( ١٨ای نوامبری ١٩٨٠)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | حاجی حوسێن پورخزر ٧٥ ساڵە | ٥ | مەلا سەید حوسێن هاشمی ٦٠ ساڵە (مەلای گوند) | ٩ | حەسەن شەمس ٥٠ ساڵە |
| ٢ | شێخ محەممەد پورخزر ٢٥ ساڵە | ٦ | ئەبوبەکر قادرزادە ٢٠ ساڵە | ١٠ | عەبدولرەحمان خوشرەو ٦٠ ساڵە |
| ٣ | سەید تەها تەوحیدی ٢٢ ساڵە (مامۆستای قوتابخانە) | ٧ | تاهیر قەیتەران ١٨ ساڵە | ١١ | محەممەد ئەمین شوان ٦٠ ساڵە |
| ٤ | زلێخا تەوحیدی ٣٠ ساڵە | ٨ | سەید موحەمەد شێخ محەممەدەمین ٣٠ ساڵە | ١٢ | رەحیم شوان ٦٠ ساڵە |

## ٥- کۆکوژی گوندی بایزاوێ (نەغەدە) ١٨ای خەزەلوەری ١٣٦٠ ( ٨ی نوامبری ١٩٨١)

پارتی دیمۆکراتی کوردستان - عێراق (قیادە مەوەقەتە) گۆیا لەم کۆکوژییەدا بەشداری کردووە. (١٢ کەس کوژراون، تەنیا ناوی ئەو ٩ کەسە زانراوە)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەتاح خدرتاج | ٣ | عەزیز ... | ٥ | سادق زەندی | ٧ | مستەفا رەحمان مەولوودی | ٩ | ئەبووبەکر سووجە |
| ٢ | عەبدوڵڵا مەولوودی | ٤ | ئەحمەد مەنافی | ٦ | عوسمان ڕامین | ٨ | ساڵح عەلیزناویر | | |

## ٦- کۆکوژی کرێکارەکانی کورەخانەی خشتی ساروقامیش (بۆکان) ٢٣ی خەرمانانی ١٣٦٠ ( ١٣ای سیپتامبری ١٩٨١)

(ژمارەی کوژراوەکان ١٨ کەس بووە، تەنیا ئەم ناوانە زانراون)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | محەممەد سۆفی عەبدوڵا | ٤ | سەید عەبدوڵڵا | ٧ | کەریم مامرەسوولی | ١٠ | محەممەد دانش | ١٣ | رەسووڵ شێخ تەوفیق |
| ٢ | عوسمان سۆفی عەبدوڵا | ٥ | عومەر حاجی مستەفا | ٨ | جافر حاجی مەحموودی | ١١ | مەحموود پیرناک | | |
| ٣ | خالید جافر ئاغا | ٦ | رەسووڵ ئاغاپوور | ٩ | قادر بەلەم | ١٢ | فەرامەرز ... | | |

## ٧- کۆکوژی گوندی قەرەگۆل لە ناوچەی مەهاباد ٦ی ڕێبەندانی ١٣٦١ ( ٢٦ی ژانویەی ١٩٨٣)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلا عەلی بادینی ٥٠ ساڵە | ٦ | کامیل شازدە ١٢ ساڵە | ١١ | حاجی مەحموود مەرەزەنگ ٧٠ ساڵە | ١٦ | مەحموود چەمەنی ٢٠ ساڵە |
| ٢ | عومەر پیرۆتە سوور ٣٥ ساڵە | ٧ | مەحموود پیرۆتە سوور ١٣ ساڵە | ١٢ | مامەند قەرەنی ١٢ ساڵە | ١٧ | ئەبووبەکر پەیام ٣٠ ساڵە |
| ٣ | عەلی سالک ٥٠ ساڵە | ٨ | مستەفا شامە ٤٠ ساڵە | ١٣ | عوسمان مەرەزەنگ ٣٥ ساڵە | ١٨ | محەممەدئەمین قوربانی ئەقدەم ٤٠ساڵە |
| ٤ | رەحمان سالک ٢٠ ساڵە | ٩ | مەحموود عەبدوڵائەسڵ ٤٥ ساڵە | ١٤ | مەحموود مەرەزەنگ ٣٠ ساڵە | | |
| ٥ | مەلا سمایل شازدە ٤٠ ساڵە | ١٠ | حاجی مەلا موحەمەد ٩٥ ساڵە | ١٥ | ئیبراهیم ئەلیاسی ٥٠ ساڵە | | |

## ٨- کۆکوژی گوندی سەوزی لە ناوچەی مەهاباد ٦ی ڕێبەندانی ١٣٦١ ( ٢٦ی ژانویەی ١٩٨٣)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆفی موحەمەدئەمین ئەحمەدی ٩٠ ساڵە | ٤ | ئەبووبەکر خەتایی ٢٢ ساڵە | ٧ | عرووس سوڵتان مارف ٢٢ ساڵە |
| ٢ | حاجی مستەفا چاوە ... | ٥ | عوسمان خەتایی ٢٠ ساڵە | ٨ | زەینەب دڵارام ٤٠ ساڵە |
| ٣ | حەسەن دیوارە ٣٠ ساڵە | ٦ | کوبرا مسگەری ١٧ ساڵە | ٩ | مەحییەدین ئامانی ٤٠ ساڵە ناوبراو کەمئەندام (سەقەت) بووە |

## ٩- کۆکوژی لە گوندەکانی دیلانچەرخ، حەڵبی، کویکان، کەرێزەی شکاکان و یونسلیان لە ناوچەی نەغەدە. لەم هێرشەی حکوومەتدا لە ڕێکەوتی ٢٣ی رەشەمە ١٣٦١ (١٤ای مارسی ١٩٨٣) زیاتر لە ٤٠ کەس کوژراون کە تەنیا ناوی ٢٣ کەسیان دەزاندرێ.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی ئەحمەدی ٦٤ ساڵە | ٧ | نادر خوسرەوی ١٤ ساڵە | ١٣ | عەبدوڵا عەباسی ٥٥ ساڵە | ١٩ | موسا... ٢٣ ساڵە کوری سۆفی رەحمان |
| ٢ | محەممەد ئەحمەدی ٤٨ ساڵە | ٨ | حەسەن دوکوڵا ٤٨ ساڵە | ١٤ | محەممەد محەممەدی ٢٢ ساڵە | ٢٠ | رەسووڵ دوکوڵا ٤٩ ساڵە |
| ٣ | محەممەد سوڵتانی ٤٩ ساڵە | ٩ | محەممەد دوکوڵا ٣٦ ساڵە | ١٥ | جافر شێخی ٢٣ ساڵە کوری مەلا مستەفا | ٢١ | ئیسماعیل مەناف ٤٢ ساڵە |
| ٤ | عەبدوڵا .. ٢٦ ساڵە کوری مارف | ١٠ | محەممەد ئیبراهیمی ٣٦ساڵە | ١٦ | عەلی چادررەش ٥٤ ساڵە | ٢٢ | یوسف قەرەنی ٤٨ ساڵە |
| ٥ | رەحیم خوسرەوی ٢٢ ساڵە | ١١ | کەریم تەپەرەشی ٢٨ ساڵە | ١٧ | رەحمان ناسری ٣٣ ساڵە | ٢٣ | حاجی محەممەد عەلی ٩٠ ساڵە |
| ٦ | کەریم خوسرەوی ٢٤ ساڵە | ١٢ | عەباس تەپەرەشی ٣٢ساڵە | ١٨ | مستەفا جەلالی ٤٠ ساڵە | | |

**١٠- کۆکوژی لە گوندەکانی دێمە سوور. جافرئاباد و مەرجان ئاباد لە ناوچەی مەهاباد. لەم هێرشەی حکوومەتدا لە ٢٥ی رەشەمە ١٣٦١ ( ١٦ای مارسی ١٩٨٣) خەڵکێکی زۆر کوژراون کە تەنیا ناوی ٩ کەسیان دەزاندرێ.**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەبووبەکر کورِی شەریف گوڵاوی ٣٥ ساڵە جافرئاباد | ٤ | عومەر بالەکی ٢٥ ساڵە دێمەسوور | ٧ | محەممەدئەمین سۆفی سەلیم ٦٠ ساڵە مەرجان ئاباد |
| ٢ | ئەبووبەکر کورِی محەممەد سوڵتان ٣٧ساڵە جافرئاباد | ٥ | محەممەدئەمین کوری موحەممەد ٢٠ساڵە دێمەسوور | ٨ | رەحمان کورِی کوێخا موحەممەد ٢١ ساڵە مەرجان ئاباد |
| ٣ | حاجی محەممەد سوڵتان ٨٠ ساڵە جافرئاباد | ٦ | خالید کوری سۆفی عەبدوڵا ٢٠ ساڵە دێمەسوور | ٩ | حوسێن کورِی دەروێش محەممەد ٢٣ساڵە مەرجان ئاباد |

**١١- کۆکوژی گوندەکانی هەڵەقوش و گێجە. ناوچەی سۆما لە ورمێ ٣ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ ( ٢٣ی مارسی ١٩٨٣)**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەحمەد سیران تەمەن ١٠٠ ساڵە | ٥ | ئیبراهیم کورِی جاسم ٢٦ ساڵە | ٩ | سوڵتان سەعیدی ... | ١٣ | رِەزا ... ٤٥ ساڵە |
| ٢ | ئیدریس کورِی ئەحمەد سیران ... | ٦ | تەقی کورِی عەلیرِەزا ٢٥ ساڵە | ١٠ | محەممەد دیرینی ... | | |
| ٣ | حەجین کورِی ئەحمەد سیران ... | ٧ | جەهانگیر کورِی عەبدوڵا ٦٠ ساڵە | ١١ | ئەسعەد کورِی عەلی ٥٥ ساڵە | | |
| ٣ | مەحموود کورِی رِەزا ٢٦ ساڵە | ٨ | عەبدولرِەحیم کورِی رۆستەم ٢٠ ساڵە | ١٢ | کەماڵ کورِی ئەسعەد ٢٣ ساڵە | | |

**١٢- کۆکوژی گوندی چەقەڵ مستەفا لە نەغەدە ٥ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ ( ٢٥ی مارسی ١٩٨٣)**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیبراهیم کەریمپوور ٦٠ ساڵە | ٥ | خدر رِەمەزانی ٥٠ ساڵە | ٩ | مەناف رِەمەزانی ٤٠ ساڵە | ١٣ | فەتاح رِەحیمی ١٥ ساڵە |
| ٢ | محەممەد کەریمپوور ٤٠ ساڵە | ٦ | فەتاح شوان ٥٠ ساڵە | ١٠ | جافر کاڵەیی ١٠ ساڵە | | |
| ٣ | مەحموود حاجی قادرپوور ٤٠ ساڵە | ٧ | کەریم شوان ٣٥ ساڵە | ١١ | سەید موحەمەد کاڵە ٣٥ ساڵە | | |
| ٤ | عەبدوڵا وەستا رِەحمان ٥٠ ساڵە | ٨ | حاجی کەریم ٨٠ ساڵە | ١٢ | محەممەد پوور ٦٠ ساڵە | | |

**١٣- کۆکوژی گوندەکانی خەلیفەلیان و گۆرِخانە لە نەغەدە ٥ی خاکەلێوەی ١٣٦٢( ٢٥ی مارسی ١٩٨٣)**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلاح ئیسماعیل پوور ١٧ ساڵە خەلیفەلیان | ٤ | سۆفی عەلی ٥٠ ساڵە خەلیفەلیان | ٧ | موسا مەهدی ... گۆرخانە |
| ٢ | عەباس ئیسماعیل پوور ٣٥ ساڵە خەلیفەلیان | ٥ | سۆفی محەممەد سوڵتان ٨٠ ساڵە خەلیفەلیان | ٨ | هەمزە ئەڵاخانی ... گۆرخانە |
| ٣ | عومەر حاجی حەسەن ئەلیاسی ٤٠ ساڵە خەلیفەلیان | ٦ | یونس حوسێن سەلیم ٥٠ ساڵە خەلیفەلیان | | |

**١٤- کۆکوژی لە گوندەکانی جبرەئیلئاوا. گوندەوێڵە. دووئاو لە ناوچەی شنۆ ٢٣ی خەرمانانی ١٣٦٢ ( ١٤ی سیپتامبری ١٩٨٣) لەم کۆکوژییەدا گۆیا پارتی دیمۆکراتی کوردستان - عێراق (قیادە مەوەقەتە) بەشداری کردووە.**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەید ئیبراهیم سیادەتی | ٣ | حامید پوورکابانی | ٥ | سلێمان کوری عەبدول ئەحەد |
| ٢ | ئیسماعیل دیواری | ٤ | سۆفی عەبدول ئەحەد | ٦ | مارف مینە خاڵە |

**١٥- بەپێی ئارشیڤی رِێکخراوی کۆمەڵە ژمارەی کوژراوەکان لە کۆمەڵکوژی گوندی بایزاوێ ١٨ای خەزەلوەری ١٣٦٠ ( ٨ی نوامبری ١٩٨١) دوازدە کەسن و هەموو کوژراوەکانیش ئەندامی رِێکخراوی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێش بوون.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | سەلاح مرادی ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان" | ٧ | سلێمان تەپەرەشی ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان" |
| ٢ | موحەمەدئەمین رِەسووڵی ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان" | ٨ | عەبدولخالیق موحەمەدپوور |
| ٣ | سلێمان بایەزیدی گوڵ ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان" | ٨ | سەید مەنسوور موسەوی |
| ٤ | هەمزە موحەمەدسانی ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان | ١٠ | کەریم فەتاحی |
| ٥ | نادر باغەبانی ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان" | ١١ | مستەفا ئەبزەندی |
| ٦ | عوسمان رامین ئەندامی رِێکخراوی "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان" | ١٢ | عوسمان فەرەجپوور |

٢٤ی ژانوییەی ٢٠٠٤ / سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەرە دیمانە

# قوربانییە سیڤیلەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە ١٣٥٩دا

س.ماكوان

بێجگە لە ناوی كوژراوەكانی كۆكوژی قارنا لە ساڵی ١٣٥٨[ ١٩٨٠] (٤٩ كەس)، گوللەبارانكردنی ١٦ ئەندامی حدكا و ١٠ ئەندامی كۆمەڵە لە هەمان ساڵدا و كۆكوژییەكانی ١٣٥٩ [١٩٨١] قەڵاتان (١٢ كەس)، ئیندرقاش و وسووكەند (٣٥) كەس، سۆفیان (١٢) كەس، گوللەبارانكردنی ٣٩ ئەندامی حدكا و ١٣ ئەندامی كۆمەڵە لە هەمان ساڵدا، هەروەها هەر لە ساڵی ١٣٥٩ [١٩٨١] دا سەجەم ٢٧ كەس خەڵكی سیڤیل كوژراون، كە تەوەرەی سەرەكی ئەم لێكدانەوەی خوارەوە پێكدێنێ:

لە ساڵی ١٣٥٩ [١٩٨١] سەرجەم ناوی ٢٥ قوربانی سیڤیلی كورد لە ئارشیڤی حیزبی دیمكراتی كوردستانی ئێراندا تۆماركراون (چاو لە پاشكۆی ژمارە ١ بكە). ٢ كەس لە ناوەكان لە پرس كردن بە خەڵكی، ڕاست كراونەتەوە و ئەو ناوانە لە هیچ ئارشیڤێكدا نەبوون (چاو لە پاشكۆی ژمارە ٢ بكە). ژمارەی كەمی ناوە تۆماركراوەكان لە ساڵی ١٣٥٩[ ١٩٨١] دا نیشان دەدا كە ئەم ژمارە كەمەیە بە هیچ جۆرێك ناتوانێ ڕاست بێ، ئەگەر بێتو ئەوە لەبەرچاو بگرین كە زۆربەی قوربانییە سیڤیلەكان هەر لە ساڵەكانی هەوەڵی شۆڕشدا و لە هێرشە پان و بەرینەكانی حكوومەتی ئێراندا دراون.

مەسەلەیەكی دیكەش لەو پێوەندییەدا تۆمارنەكردنی كوژراوە سیڤیلەكانی ساڵی ١٣٥٨[١٩٨٠] ە كە ئەمەش لە خۆیدا كەمایەسییەكی گەورە سەبارەت بە لێكۆڵینەوەیەكی هەمەلایەنە و جێگای باوەڕ درووست دەكا. بۆ نموونە تەنیا لە شارێكی وەك سنەدا گۆیا بە قەول هەزاران كەس كوژراون و هێشتا تاقە ناوێكیش چییە، تۆمار نەكراوە. یەكێك لە هۆكارەكانی تۆمارنەكردنی ناوەكان ڕەنگە ئەوە بێ كە ڕێكخراوە كوردستانییەكان لەو سەردەمەدا بیریان لە مەسەلەیەكی وا گرینگ نەكردبێتەوە. بۆ نموونە حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦١[١٩٨٣] وە گرینگی بەم كارە دەدا و لەو ڕێكەوتە بە دواوە ئارشیڤی حدكا دەتوانێ یارمەتیدەرێكی باش بێ. بەڵام ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێكخراوی كۆمەڵە، لەم پێوەندییەدا ئەوەیە كە ئەوان لەو بارەوە نە هیچ بڵاوكراوەیەكیان هەبووە و نە ناوی كوژراوە سیڤیلەكانیشان گۆیا تۆمار كردوون.

لەو ٢٧ كەسە ٦ كەسیان گوللەباران كراون، بەڵام نازاندرێ ئایا خەڵكی سیڤیلن یان ئەو كەسانە زیندانی سیاسی بوون و بە جۆرێك پێوەندیان بە ڕێكخراوە كوردییەكانەوە هەبووە، لەم بارەوە ئاگادارییەكی ئەوتۆ لە هەوێڵدا نییە.

لە نێو گوللەبارانكراوەكاندا ٣ ژن دەبیندرێن كە هەرسێك خەڵكی شاری سنەن، ئەمەش نیشان دەدا كە خەباتی سیاسی لە نێو چینی ژنانی شارنشیندا بە تایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان و لە شاری سنە ڕابردوویەكی درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەكی كۆنتر، واتە بۆ ساڵانی دەسپێكی شۆڕشی كورد لە پاش نەمانی حكوومەتی پاشایەتی.

هەروەها لەو ٢٧ كەسە ١١ كەسیان خەڵكی شارەكانی كوردستان وەك سنە، سەقز، سەردەشت، مەهاباد، كامیاران و بانەن و پاشماوەكەشیان خەڵكی گوندەكانی كوردستانن. نیوەی زۆربەی كوژراوەكان خەڵكی گوندەكانن. ئەمەش نیشاندەدا كە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی كوردستاندا بە زۆری خەڵكی گوندەكان زەرەرمەند بوون. ئەمە لە كاتێك دایە لەو سەدەمەدا زۆربەی شارەكانی ناوەند و باكووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان لەژێر كۆنترۆڵی هێزی پێشمرگەدا بووە.

لەو ٢٧ كەسە ١٤ كەس یانێ زۆرتر لە نیوی سەرجەمی كوژراوەكان بە هۆی دەستڕێژی پاسداراوە كوژراون. ئەمەش نیشان دەدا كە هەر لە هەوەڵەوە هێزەكانی حكوومەتی جیاوازییەكی ئەوتۆیان لە نێوان خەڵكی سیڤیل و هێزی چەكداری پێشمەرگەدا دانەناوە و خەڵكی سیڤیل و بێتاوانیان وەبەر گوللە داوە و كوشتوویانن.

لە نێو كوژراوە سیڤیلەكانی ساڵی ١٣٥٩[١٩٨١] دا خەڵكی شار و گوندەكانی وەك سنە، سەقز، كامیاران، جوانڕۆ، بانە، سەردەشت و مەهاباد دەبینرێن و ئەمەش بەو مانایەیە لە تەواوی شوێنە ئاماژەپێكراوەكاندا شەڕ بەردەوام بووە و لە ئاكامی شەڕەكانیشدا خەڵكی سیڤیل وەبەر هاتوون.

ئەو ٢٧ كەسە بە شێوەی جۆراوجۆری وەك گوللەباران، تۆپباران، دەستڕێژی پاسدار و لە كاتی خۆپیشاندان لە دژی هێزە حكوومەتییەكاندا كوژراون. كە هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێكرا، ڕێژەی زۆربەی كوژراوەكان، كوژران بە هۆی دەستڕێژی هێزەكانی حكوومەتییەوە بووە.

## پاشكۆی ١:


كوژراوە سیڤیلەكان لە نێوان ١٢ی بانەمەری ١٣٥٩ هەتا ١٨ی بەفرانباری ١٣٥٩ ((٢ی مای ١٩٨٠ هەتا ٧ی ژانویەی ١٩٨١))

| ریز | ناو و ناوبانگ | شوێنی ژیان | هۆی كوژران | ڕێكەوت | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەبی ئەڵك | كامیاران | خۆپیشاندان لە دژی حكوومەت لە شاری كامیاران | ١٢ی بانەمەڕی ١٣٥٩ | لەم خۆپیشاندانەدا كەسێكی دیكە گۆیا كوژراوە |
| ٢ | شەهین باوەفا | سنە | گوللەباران | ٢٨ی جوزەردانی ١٣٥٩ | پەرەستاری نەخۆشخانەی سنە |
| ٣ | زاهید بەفری | (ناوچەی سنە) | دەستڕێژی پاسدار | ١ی پووشپەری ١٣٥٩ | منداڵ |
| ٤ | مەحموود باباخانی | سەقز | دەستڕێژی پاسدار | ١٩ی پووشپەری ١٣٥٩ | دوكاندار |
| ٥ | مەلا ئیبراهیمی حیكمەت | بانە | گوللەباران | ٣١ی گەلاوێژی ١٣٥٩ | |
| ٦ | موحەمەد مێعمار | بانە | گوللەباران | ٣١ی گەلاوێژی ١٣٥٩ | وەستای خانوو |
| ٧ | سەدیق سەحرانەوەرد | بانە | گوللەباران | ٣١ی گەلاوێژی ١٣٥٩ | |
| ٨ | موحەمەد ئەحسەنی | (ناوچەی مەهاباد) | تۆپباران | ٨ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ٩ | فەرانەك سەدری | (ناوچەی مەهاباد) | تۆپباران | ٨ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١٠ | زیبا موحەمەدی | (ناوچەی مەهاباد) | تۆپباران | ٨ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١١ | موحەمەد خشتی | (ناوچەی مەهاباد) | تۆپباران | ٨ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١٢ | فریشتە كەعبی | سنە | گوللەبارن | ١٣ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | زەهرا کەعبی | سنە | گوللەبارن | ١٣ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١٤ | حوسنی موسالان | سەردەشت | تۆپباران | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١٥ | عەلی جەلیلی | سەرا (سەقز) - | دەستڕێژی پاسدار | ٣٠ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١٦ | ئەبوبەکر سەرایی | سەرا (سەقز) | دەستڕێژی پاسدار | ٣٠ی خەرمانانی ١٣٥٩ | |
| ١٧ | سلێمان شێخاقای | دێمەنسوور (مەهاباد) | دەستڕێژی پاسدار | ٣ی خەزەلوەری ١٣٥٩ | |
| ١٨ | شازەنان باجەلانی | کامیاران | گوللەبارن | ١٠ی خەزەلوەری ١٣٥٩ | |
| ١٩ | بەشیر بەدری | حەبەشە (قوتوور) | دەستڕێژی پاسدار | ١٠ی خەزەلوەری ١٣٥٩ | |
| ٢٠ | موحەمەد حوسەینی | | دەستڕێژی پاسدار | ١٠ی خەزەلوەری ١٣٥٩ | |
| ٢١ | یوسف کێلێ | پیرانشار | دەستڕێژی پاسدار | ٢٠ی خەزەلوەری ١٣٥٩ | |
| ٢٢ | جەماڵ توتئاغاجی | مەهاباد | دستڕێژی پاسدار | ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٥٩ | |
| ٢٣ | موتەلیب ... | بانە | دستڕێژی پاسدار | ٥ی بەفرانباری ١٣٥٩ | خۆپیشاندان |
| ٢٤ | ئەمیر ئەهرانی | مەهاباد | دستڕێژی پاسدار | ١٨ی بەفرانباری ١٣٥٩ | ١٢ ساڵە |
| | حاجی موحەمەدی کاکانی | کەچەڵئاوا (جوانرۆ) | دەستڕێژی پاسدار | | منداڵێکی ٩ ساڵان |
| | موحەمەد ئەمین | عەلیئاوا (جوانرۆ) | دەستڕێژی پاسدار | | |

سەرچاوە: گۆڤاری "جنگ در کردستان"، پاشکۆی ساڵی ١٣٥٩

## کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ"



حامید گەوهەری

بەشی یەکەم:

ڕۆژی 11ی خەرمانانی ١٣٥٨ ((٢ی سیپتامبری ١٩٧٩)) لە کاتێکدا چوار فڕۆکەی بۆمبهاوێژی فانتۆم بەسەر شاری مهابادا مانۆڕیان دەکرد و مەترسییان لە دڵی خەڵکدا دەچاند، ژمارەیەکی زۆر پاسدار و کۆمیتەچی سەر بە مەلا حەسەنی لە ورمێ و نەغەدە و جەڵدیانەوە بە سەرپەرشتی مەعبودی و سەرگورد نەجەفی سەرۆکی ئیتلاعاتی ژاندارمەریی نەغەدە و عەزیزی قادری "کوڕی مام عەبدوڵای قادری جەڵدیان" هێرشیان کردە سەر گوندی قارنێ لە نێوان سەربازگەی جەڵدیان و شاری نەغەدە و (٦٨) کەسیان بەشێوەیەکی زۆر سامناک شەهید کرد. لەو ژمارەیە چەند کەسیان میوانی خەڵکی گوندەکە بوون و بە میوانیی هاتبوونە ئەو گوندە. بەشێک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکەدا، ڕایانگەیاند کە هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر گوندی قارنێ، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بووە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە لە بەرزاییەکانی پاسگای دووئاودا، پانزە جاشپاسداری کۆمیتەی نەغەدەیان کوشتووە، بەڵام لە ڕاستییدا تاوانی سامناکی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ، پەیوەندیی بەو کارەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێک لەو زنجیرە تاوانانە بوو کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی دوای فەرمانی ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (( ١٨ی ئووتی ١٩٧٩ )) خومەینی بۆ سەر کوردستان و گەلی کورد جێبەجێیان دەکرد.

هێرشکەران سەرەتا بە چەند تانک و ئوتۆمبێلەوە بەرزاییەکانی گوندی قارنێ و کێڵگە و موچەکانی دەوروبەریان گەمارۆدا کە دانیشتووانی نەتوانن خۆیان دەرباز بکەن. دواتر ئەڵقەی گەمارۆکەیان تەنگ کردەوە و خەڵکەکەیان لە ناو گوندەکەدا کۆکردەوە. دوای ئەوە بەشێوەی مەنگوڵەکان کەوتنە گیانی خەڵکەکە و هەر کەسێکیان دەستکەوت، بە شێوەیەکی سامناک کوشتیان. مەلا مەحمودی مەستورزادە مەلای گوند کە چاوی بەو دیمەنە دەکەوێت، قورئانێک لەسەر تاخچەی مزگەوتی دێ هەڵدەگرێت و بەرەو پیری پاسدارەکانەوە دەچێت و لێیان دەپاڕێتەوە کە خەڵکی گوند ئازارنەدن و ئەگەر بۆ دەستگیرکردنی پێشمەرگە هاتوون، تەنانەت تاکە پێشمەرگەیەک لەو گوندەدا نیە.

لە ڕاستییدا پاسدارەکانی ئیسلام بۆ شەڕ دژی پێشمەرگە و دەستگیرکردنیان نەچووبوون، بەڵکوو بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خەزای خومەینی و کوشتنی خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندە چووبوون، بۆیە هەر لەوێدا بە شێوەیەکی نامرۆڤانە مەلا مەحمود دەکوژن و دواتر سەری دەبڕن. لەشکری ئیسلام سەری مەلا مەحمود لەگەڵ خۆی دەبات، بە جۆرێک کە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. دواتر ماڵ بە ماڵ هەر چل بنەماڵەی گوندەکە دەپشکنن و هەر کەسێکیان دەستدەکەوێت، دەیکوژن و لە کۆتاییدا تەرمەکان دەبەنە سەر جادە بۆ ئەوەی وا پێشانبدەن کە ئەو خەڵکە لە شەڕدا دژی پاسداران کوژراون! لە ئاکامی ئەو کارەساتە سامناکەدا (٦٨) کەس کوژران و تەنیا ئەو کەسانە ڕزگاریان بوو کە لەو ڕۆژەدا لە گوند نەبوون. کاک مەنسور بلوری لە وتاری "شەڕی سێ مانگە لە کوردستان" ناوی (٦٠) شەهیدی کارەساتی قارنێی بڵاوکردووەتەوە کە بریتین لە:

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلا مەحمود بەهتزادە | ٦ | حاج شەریف ئەبر ڕۆشەن | ١١ | ئیبراهیم پویا | ١٦ | سەعید خەسرەوی | ٢١ | عومەر دەروێشپوور |
| ٢ | سید محەمەد تاهری | ٧ | ڕەحمان ئەبزەن | ١٢ | ئیبراهیم ڕەسوڵی | ١٧ | عەبدوڵا خەسرەوی | ٢٢ | سەید کەرین ئەروندی |
| ٣ | سەید ڕەحمان تاهری | ٨ | ڕەحمان سلێمانی | ١٣ | عەلی چوپان ڕوستا | ١٨ | موراد خەسرەوی | ٢٣ | عەزیز مەرزەنگ |
| ٤ | سەید ئیسماعیل تاهری | ٩ | ڕەحیم سوڵتانی | ١٤ | حەسەن نەوجەوان | ١٩ | مستەفا خەسرەوی | ٢٤ | ئیبراهیم کایەر |
| ٥ | حاج سەید حەلی تاهری | ١٠ | کەرین سلێمانی | ١٥ | زێنەب ڕامین | ٢٠ | عوسمان خەسرەوی | ٢٥ | عەلی گاتوری |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | سەید قادر تاهری | ١٨ | قادر سلێمانی | ٣٠ | خاتوزین ڕامین | ٤٢ | خالید خەسرەوی | ٥٤ | خەسرەو ئەفشین |
| ٧ | ئامینە شەریفزادە | ١٩ | مستەفا ئەبزەن | ٣١ | کەریم ڕامین | ٤٣ | ڕەحیم خەسرەوی | ٥٥ | سەلاح عەلی زناوی |
| ٨ | حاجی ڕەحمان شەریفزادە | ٢٠ | عومەر عەباسی | ٣٢ | ئەحمەد ڕامین | ٤٤ | ئەبوبەکر شیشمان | ٥٦ | ئەبوبەکر حەسەنپوور |
| ٩ | عوسمان شەریفزادە | ٢١ | جەعفەر عەباسی | ٣٣ | ڕەحمان ڕامین | ٤٥ | جەعفەر شیشمان | ٥٧ | عوسمان ئەحمەدپوور |
| ١٠ | مستەفا عەزیزی | ٢٢ | مستەفا عەباسی | ٣٤ | عوسمان ڕامین | ٤٦ | عەلی شیشمان | ٥٨ | عەبدوڵا ئەحمەدپوور. |
| ١١ | محەمەد عەزیزی | ٢٣ | محەمەد شەبڕەو | ٣٥ | ڕەسول خەسرەوی | ٤٧ | عوسمان شیشمان | ٥٩ | عەلی مەلا ڕەحیم لە گوندی دووئاو |
| ١٢ | محیدین ئەبر ڕۆشەن | ٢٤ | سلێمان هەمزەپور | ٣٦ | ڕەحمان خەسرەوی | ٤٨ | ئەحمەد سەعادەتپوور | ٦٠ | حەسەن مام ڕەسول لە گوندی ئاڵیاوێ |

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بەو تاوانە سامناکەی کە سەربازانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گوندی قارنێ ئەنجامیاندا، ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨) ، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بۆ ڕای گشتیی بڵاوکردووتەوە. عەبدوڵا حەسەن زادە دەقی بەیاننامەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ١٤١ ، خەرمانانی ١٣٦٧ وەرگرتووە و لە لاپەڕەی ١٦٤ - ١٦٦ی کتێبی"نیو سەدە تێکۆشان" دا بڵاوی کردووەتەوە و منیش لەو کتێبەوە وەرمگرتووە:

- جینایەتی ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ ((٢ی سیپتامبری ١٩٧٩)) لە گوندی قارنێ ، نموونەیەکی هەرە بەرچاوی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانییە سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بوو. چەند ڕۆژ پێشتر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ئاواییەکانی "قارنێ" و "دووئاو" و شوێنێک بە ناوی "جەواڵەڕەشە" دەستێکی باشیان لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وەشاندبوو. بەم بەهانەیە، گوندی قارنێ کە لە چەند کیلۆمیتری شاری نەغەدە و لەسەر ڕێگای پیرانشار- نەغەدە هەڵکەوتووە، لە هەموو لایەک ڕا گەمارۆ درا. بە ڕواڵەت لەشکریانی ئیسلام بە نیازی دیتنەوەی پێشمەرگە ڕوویان لەو ناوە کردبوو. خەڵکی بێدیفاعی ئاوایی لە نێو ئاوایی و لە موچە و مەزرادا خەریکی ئیشوکاری ڕۆژانەی خۆیان بوون و لەبەر ئەوە کە پێشمەرگەیەک لەو دەوروبەرە نەبوو بە دیتنی ئەفرادی ڕێژیم نیگەرانییەکی ئەوتۆیان لە دڵدا پێک نەهات. بەڵام کاتێک لەپڕ لە هەموو تەپۆڵکە و بەرزاییەکانی دەوروبەری دێ ڕا کەوتنە بەربارانی گوللە بەجیددی دڵەخورپەیان تێکەوت و بەپەلە بەرەو ئاوایی و نێو ماڵ و خێزانیان ڕایان کردەوە. هێندەی پێنەچوو چەند تانک و ژمارەیەک ماشین لە ئاوایی نزیک بوونەوە و ژ -٣ بەدەست و قەمەهەڵگر لێیان دابەزین و بەنێو کوچە و کۆڵانەکانی دێ وەربوون. پاسدار و کۆمیتەچییەکان قین و نفرەتیان لێدەباری و لە ڕەنگ و ڕوو و ڕەفتاریان ڕا دیار بوو تینووی خوێنن، مەلا مەحمود مامۆستای ئاوایی زۆر زوو لە مەبەستیان گەیشت. قورئانەکەی سەر تاخچەی هێناخوار و بۆ لایان وەڕێکەوت. قورئان لەو حاڵەتەدا تەنیا دڵگەرمیی مامۆستا و خەڵکی ئاوایی بوو، بەڵام ڕێز گرتن لە قورئان و وەڵامی سڵاوی مەلا ڕێژنە گوللەیەک لە سنگی مەلا بوو. ئیدی خەڵکی بێدیفاعی ئاوایی حیسابی تەواویان هاتەدەست. بەڵام مخابن کە ڕێگای دەرباز بوون و خۆ حەشار دان نەبوو. جینایەتکاران پۆل پۆل بە ماڵان وەربوون، دار و دیواریان دەدا بەر دەستڕێژی گوللە و هەرکەسیان دەدیت لە لاو و پیر، بە زەبری قۆنداغی تفەنگ لە ماڵیان دەهێنا دەر و لەبەر دەرگای ماڵ لەنێو کوچە و لە پێش دەرگای مزگەوت، لە خوێنی خۆیاندا شەلاڵیان دەکردن. دوای چەند سەعات کوشتار بەرە بەرە، حەزیای دڵی خوێن خۆرەوەیان بۆ ماوەیەکی کاتی دامرکا. تەرمی ٦٨ کەس لەنێو ماڵ و کووچە و کۆڵانەکانی دێ دا وەسەر خوێن کەوتبوو. دوای ئەو مەئموریەتە شەرعییە، سەربازانی ئیسلام بۆ دەسخۆشانە وەرگرتن بەرەو بارەگای فەرمانڕەواکانیان گەڕانەوە و "قارنێ"یان لەنێو ماتەم و خوێندا هێشتەوە. بەم کارەساتە دڵتەزێنە، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، بە تەواوی لە نێوەڕۆکی ڕێژیمی ئاخوندی و لەشکریانی بەناو پارێزەری ئیسلام گەیشتن.

تاوانی کۆماری ئیسلامیی لە گوندی قارنێ زۆر بەپەلە لە هەموو ئێران و تەنانەت دەرەوی ئێراندا بڵاوبووەوە و هەر کەسە بە شێوەیەک دەربارەی دوا. لەم پەیوەندییەدا دوکتۆر مستەفا چەمران جێگری سەرۆکوەزیران لە حکومەتی کاتیی بازرگان دا، لە کتێبی "کوردستان"بڵاوکراوەی "بونیادی شەهید" کە مەهدی چەمران پێشەکی بۆ نووسیوە، سەبارەت بە کوشتاری خەڵکی گوندی قارنێ دەنوسێت:

* (کاتی ڕووداوی قارنێ من لە پاوە بووم و ئاگاداری ڕووداوەکە نەبووم. ئەوەی بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکە کە دواتر کۆمیتەی لێکۆڵینەوە بۆ ئێمەی ڕوونکردەوە. قارنێ گوندێکی کوردنشینە کە حیزبی دیموکرات یا حیزبە چەپەکان تیایدا خاوەن دەسەڵات بوون و نەغەدە شارێکی تورک نشینە. لە جەڵدیان، شنۆ و پیرانشار سەربازگە و پێگەی سوپا و ژاندارمەری هەیە. ژمارەیەک جەوانمەردی تورک و ژاندارمە و ئەندامانی سوپا بۆ چوونە سەر ئیشی ڕۆژانەیان لە نەغەدەوە بۆ جەڵدیان دەبووایە بەو گوندەدا بڕۆن. لە ماوەی شەش مانگدا خۆفرۆشەکان بە بەردەوامیی لە دەوروبەری قارنێ دەیانگرتن و دەیانکوشتن و تاڵانیان دەکردن و سەریان دەبڕین. تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر کەسێک لە نەغەدەوە بچووایە بۆ جەڵدیان، ناچار دەبوو دوو تانک لەگەڵ خۆی بەرێت کە لە پێش و لە پاشەوە بیپارێزن، تا لە دەوروبەری قارنێ هێرشی بۆ نەکرێت. بۆ ماوەی شەش مانگ لەنێوان نەغەدە و جەڵدیاندا، لە دەوروبەری قارنێ پەلاماری تورکەکانی نەغەدەیاندا. دواجار هەژدە کەس لە تورکەکانی نەغەدە بۆ پشوودان لە جەڵدیانەوە دەگەڕانەوە کە لە نزیک قارنێ پەلاماریان دەدەن و هەموویان دەکوژن و سەریان دەبڕن و لەشیان لەت لەت دەکەن و لە ناوەڕاستی جادە بەجێیان دەهێڵن. تەنیا کەسێک لەوانە خۆی بۆ ڕزگار دەکرێت و خۆی دەگەیەنێتە نەغەدە و خەڵک لەو تاوانە ئاگادار دەکات و ژن و مناڵی گەورە و بچوک لە نەغەدەوە خۆیان دەگەیەننە قەسابخانەکە. کاتێک برا و مێرد و خزمەکانیان بە لەتوکوتکراویی دەبینن، دەگرین و هاوار دەکەن. ئەو ژمارەیە خۆیان دەگەیەنە نەغەدە و جەڵدیان و پیرانشار و خزمەکانیان لەو تاوانە ئاگادار دەکەن و خزمان و کەسانی دەوروبەریان لە دەوری ئەو بنەماڵە بێتاوانانە کۆدەبنەوە و هێرش دەکەنە سەر قارنێ و (٣٣) کەس دەکوژن و تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە!)

ئەوانەی کە زانیارییان لەسەر سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، دەزانن کە درۆکردن و بوختان هەڵبەستن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو ئەو درۆیانەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی "تەقیە" کە شیعەی دوانزە ئیمام لە کۆماری ئیسلامییدا باوەڕیان پێیەتی. ئەوان بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ئیسلامی شیعە و قازانج و بەرژەوەندییەکانیان، درۆدەکەن و ئەمەش بە دیاردەیەکی باش و بەسود بۆ ئیسلام هەڵدەسەنگێنن و بەگوێرەی هەلومەرج پشتی پێدەبەستن، هەر وەک مستەفا چەمرانی تاوانبار بۆ فریودانی ڕای گشتیی درۆکانی بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵام تاوانی سامناکی قارنێ بە ڕادەیەک دڵتەزێن بوو کە کەسانی تاوانبار و جەلادی مەزنی وەک سادقی خەلخالیش نەیتوانی لە بەرامبەریدا بێدەنگ بن.

ناوبراو لە نامەیەکیدا بۆ خومەینی کە لە سایتی "ناظر کبیر" http://big- brother.blogfa.com/cat-3.aspx دا بڵاوکراوەتەوە، داوا لە خومەینی دەکات لە خوڵقێنەرانی کارەساتی قارنێ بکۆڵێتەوە:

بەڕێز دەفتەری ئیمام خومەینی دامت برکاتە

ڕووداوە دڵتەزێنەکەی قارنێ دڵی هەموو مرۆڤێک دەسوتێنێت. مەلا مەحمودی مستورزادە کە بە قورئانەوە چووە پێشوازیی خەڵکەکە، داروەستەی مەعبودی و سەرگورد نەجەفی و عەزیز قادری و مەلا حەسەنی، (٦٥) کەسیان بە شێوەیەکی دەردناک کوشتووە. ئەگەر ئیمام لەو کارە دڵسوتێنەرە نەپرسێتەوە، دەبێ کام دەسەڵات لێی بپرسێتەوە.

بە حورمەتەوە- سادق خەلخالی

٢٠ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ١١ی سیپتامبری ١٩٧٩ ))

ڕای گشتیی ئێران و جیهان و مەزنبوونی کارەساتی سامناکی قارنێ، سەرئەنجام ئایەتوڵا خومەینی و ئایەتوڵا مونتەزری ناچارکرد کە مەهدی بەهادران بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕەوانەی ئەو هەرێمە بکەن. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ١٧ی سیپتامبری ١٩٧٩ )) یدا دەقی ڕاپۆرتی ئاڕاستەکراوی مەهدی بەهادرانی بڵاوکردووەتەوە و دەنوسێت:

* ڕاپۆرتی نوێنەری ئیمام سەبارەت بە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. بەڕێز مەهدی بەهادران لەسەر ڕاسپاردنی خومەینی و فەرمانی نوسراوی ئایەتوڵا مونتەزری بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ڕەوانە کرا. ناوبراو لە ڕاپۆرتێکدا پەنجە بۆ چەند دیاردە و پلانی جیاواز ڕادەکێشێ و دەنووسێت لە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا خەریکە پیلانێکی نهێنی لە لایەن ڕێبەرانێکەوە بەڕێوەدەچێت کە بە ڕواڵەت جێگەی باوەڕن. دەقی ڕاپۆرتی نوێنەری ئیمام لە سەر کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەم جۆرەیە:

* (بە ناوی خوا. حەزرەتی ئیمام خومەینی دام ظلە. بەڵگەی هەموو دیتنەکان و لێکۆڵینەوەکانی (٢٥) ڕۆژەم لە نەغەدە و دەروبەری و شوێنەکانیتری کوردستان لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە ئاراستە دەکەم:

١- هەندێک بەڵگە هەن کە پێشاندەدەن لە کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا پیلانێکی نهێنی بەڕێوەدەچێت. ئەو دەرەبەگ و خاوەن موڵکانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی ڕابوردوودا دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی شایان بەدەست بوو لە ناوچەکەدا، لە لایەن کەسانێکی وەک دوکتۆر چەمران، تیمسار زەهیرنژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ ورمێ، سەرهەنگ شەهبازیان و فەرماندەکانیتری سوپا و ژاندارمەرییەوە بە تەواویی پڕچەککراون و لە بەرامبەر خەڵکی هەژاری ناوچەکەدا کە بە ساڵان لە لایەن دەرەبەگەکانەوە ئازار دراون، خراونەتە ژێر گوشاری ئەوانەوە.

٢- ژمارەیەک لە ئەندامانی سوپا، لەوانە فەرماندەکانی ئێستای کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ژمارەیەک لە ئەندامانی ژێرفەرمانیان لەبەر ئەوەی کە خاوەن بیری ئایینیی و شۆڕشگێڕانە نین، لە پەنای کارەکانیاندا بە جۆرێک تۆوی دوژمنایەتی و بیروبۆچوونیان لەناو تورک و کوردەکانی ناوچەدا چاندووە کە ئەو کێشەیە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و بێگومان بەو هۆیەوە دیموکراتەکان، ئێمە تێکەڵاوی شەڕێکی پارتیزانیی دەکەن. ئەو مەسەلەیە هۆی بێزاریی خەڵکی بێتاوانی دژی کۆماری ئیسلامیی بەرزکردووەتەوە، خەڵکەکە باوەڕ بە ئێمە ناکەن و لە ئاکامدا بەرەو دیموکراتەکان دەچن.

٣- بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ورد کە ڕاپۆرت و کاسێتەکانی بەدەستەوەن، جەوانمەردە دامەزراوەکان لە لایەن ژاندارمەریی و بە ڕواڵەت موجاهیدەکانی نەغەدە کە لەژێر فەرمانی بەڕێز مەعبودی و سەرگورد نەجەفی دان، بە لایەنی کەمەوە (٤٥) کەسی بێتاوانیان لە گوندی قارنێ کوشتووە و دواتر کوژراوەکانیان لە مەزراکاندا فڕێداوە کە وا پێشانبدەن لە شەڕدا کوژراون و گوندەکەشیان تاڵانکردووە و ئاگریان تێبەرداوە. ئوستوار بێگلەری لە "تۆپکان" پێنج کەسی کوشتووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی، یان خیانەت و پلانی فەرماندەکانی ژاندارمەریی و هاندانی هەستی دژی کورد و بەرزکردنەوەی هەستی تۆڵەسەندنەوە دژی کوردە بێتاوانەکان لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هەر چەندە بەداخەوە بکەرانی ئەو کوشتارە ناسراون، بەڵام بە هۆی پشتیوانی کردنی زەهیرنژاد لە خیانەتکارانی ناوچە، دەرەتانی دەستگیر کردن و بەسزا گەیاندنیان نیە.

٤- لە نەغەدە و دەوروبەری و تەنانەت لە هەموو کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا، یەکێک لە هۆیەکانی شەڕ و خوێنڕێژیی ژمارەیەک مەلای ساواکیی خاوەن هەستی دژی کوردن لەگەڵ دەرەبەگە چەکدارەکان کە لە لایەن سوپا و ژاندارمەرییەوە پڕچەککراون و دادگای شۆڕش و سوپای پاسدارانی شۆڕش ناتوانن پێشیان پێبگرن، وەک ڕووداوی قارنێ کە وەڵامی حوکمی قازی شەرع بەڕێزان خلخالی و ئومێد نەجەف ئابادی نەدرایەوە.

٥- لە پەنای ڕێگەچارەی سەربازییدا، ڕێگەچارەی فەرهەنگیی و ئایدیۆلۆژیی و عیمران و ئاوەدانکردنەوە بۆ کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێویستە.

پێشنیاز:

* لابردنی ئەو بە ڕواڵەت مەلایانەی کە لە دوو سێ مانگی ڕابوردوودا بوونەتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ لە نەغەدە و شوێنەکانی تردا.

* گرتن و سزدانی قاتڵان و تاڵانکەرانی قارنێ و بەگم قەڵا، سوتێنەرانی خەرمان و ماڵەکانی دووئاو و شوێنەکانی تر.

* چاودێریی کردنی دادگاکانی شۆڕش و بەهێز کردنیان بۆ دەستگیر کردنی خیانەتکاران.

* لابردن یان سزادانی ئەو فەرماندەرانەی کە زانیارییان داوە بە دژە شۆڕشەکان و هەوڵی لاوازکردنی سوپای پاسداران دەدەن. ناردنی دوو بازرەس لە لایەن ئیمام، دوو بازرەس لە لایەن حکومەت و شورای شۆڕش و کەسێکیش لە لایەن دادوەری گشتییەوە.

بە ڕێز و حومەرتەوە: مەهدی بەهادران

٢٤ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ١٥ی سیپتامبری ١٩٧٩ ))

هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مەهدی بەهادران لیژنەیەکیش لە لایەن مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیران، دوکتۆر حەفگو پارێزگاری ورمێ و مەلا ساڵحی ڕەحیمی ئیمام جومعەی کوردەکانی نەغەدە ڕەوانەی گوندی قارنێ کرا. ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: حەکیم نژاد نوێنەری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی، محەمەد باقر هاشمی نوێنەری پارێزگاری ورمێ و عەبدوڵا ڕەحیمی برای حاجی مەلا ساڵحی ڕەحیمی. هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان لە ڕاپۆرتێکیدا لەسەر کاری ئەو لیژنەیە کە لە ڕۆژنامەی ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ٢٢ی سیپتامبری ١٩٧٩ )) کەیهاندا

بڵاوکرایەوە لە زمانی پارێزگاری ورمێوە دەنوسێت

# کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ



حامید گەوهەری

بەشی دووەم:

* هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە پێکهێنەری ڕووداوەکانن بەردەوامە. ژمارەیەکی زۆر بەشوێن دۆزینەوەی خوڵقێنەرانی کارەساتی قارنێن و ئەگەر دەستگیر بکرێن، دەستبەجێ دەدرێن بە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی.
دەسەڵاتدارە توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامیی لە حکومەتی مەهدی بازرگاندا ڕایانگەیاند مەهدی بەهادوران نوێنەری خومەینی نەبووە و دژ بەوە ڕاوەستان کە چەمران دەربەگەکانی کوردستانی پڕچەک کردبێت. لە بەرامبەردا، حیزبی تودەی ئێران لە ژمارەی ٧٢ی ڕۆژنامەی "نامە مردم"، ئۆرگانیی ئەو حیزبە، ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٥٨،(( ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩)) وتارێکی لەژێر سەردێڕی (میوەی شەڕ بەسەر لکی نەمامی شەڕ و تورەیی و چەک لە کوردستاندا) وەڵامی هەڵوێستی حکومەت دەداتەوە و دەنوسێت:
* دەربارەی ڕاگەیاندنی دەفتەری سەرۆکوەزیران، بەرلە هەموو شتێک دەبێت بڵێین کە تەنیا وەڵامی ڕوون و ڕاستەوخۆ لەو ڕاگەیاندنەدا، لە وەڵامی ڕاپۆرتی مەهدی بەهادراندا، ئەوەیە کە دەڵێن "ئەوەی دەربارەی بڵاوکردنەوەی چەک لە لایەن دوکتۆر چەمرانەوە گوتراوە، بە تەواویی درۆیە". وەڵامەکانی تری حکومەت ناڕوون و دوو لایەنەن و وەڵامی بەشی زۆری نووسراوەکەی بەڕێز بەهادوران نەدراوەتەوە.
سەبارەت بەو مەسەلانەی کە دەربارەی تیمسار زەهیرنژاد و سەرهەنگ شەهبازیان و فەرماندەکانی تری سوپا و ژاندارمەریی و "فەرماندەکانی ئێستای کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و پاوە" گوتراوە، دەربارەی هەڵسوکەوتی "جەوانمەردە" دامەزراوەکانی ژاندارمەریی و بە ڕواڵەتی موجاهیدەکانی نەغەدە کە بەڕێز مەعبودی و سەرگورد نەجەفی سەرپەرشتییان دەکەن، دەربارەی ئوستوار بێگلەری، دەربارەی "ئەوانەی بە ڕواڵەت مەلان و ساواکین و دژایەتی کورد دەکەن، دەرەبەگە چەکدارەکان کە لە لایەن سوپا و ژاندارمەرییەوە پڕچەککراون" و تەنانەت دادگاکانی شۆڕش و سوپای پاسدارانیش "دەسەڵاتی پێویستیان نیە کە پێشیان بگرن" ، واتە ئەوانەی لە ڕاپۆرتی بەڕێز مەهدی بەهادراندا هاتووە، حکومەت چ وەڵامێکی بۆیان هەیە؟
دەربارەی بەشەکەی تری ڕاپۆرتەکە وەک پڕچەککردنی دەرەبەگەکان دژی خەڵکی هەژار و چەوساوە، هاندان و پێکهێنانی دوژمنایەتی لەنێوان تورکەکان و کوردەکاندا، کوشتاری خەڵکی قارنێ و تاڵانکردن و سوتاندنی گوندەکان، هاندانی هەستی دژی کوردان، تۆڵەسەندنەوە لە کوردە بێتاوانەکان، ڕێگەگرتن لە دەستگیرکردن و سزادانی پێکهێنەرانی ئەو تاوانانە کە لە بڵاوکراوەکەی سەرۆکوەزیراندا ئاماژەیان بۆ نەکراوە! حکومەت چ لێکۆڵینەوەیەکی کردووە و چ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ خەڵک هەیە؟
وا دابنێین کە بەڕێز بەهادران نوێنەری ئیمام نەبووە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێرانییە، موسوڵمانە و مرۆڤێکە کە بە لێکدانەوەی خۆی (٢٥) ڕۆژ لە کوردستان خەریکی لێکۆڵینەوە بووە و ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی دەسەڵاتداران کردووە. نابێت ڕاپۆرتەکەی بێبایەخ بکرێت، هەر لەبەر ئەوەی کە نوێنەری ئیمام نەبووە.
ئێمە ڕای خۆمان دووپات دەکەینەوە: ئەو کارەساتەی کە لە کوردستان هەیە بە هەموو شێوەیەک بۆ تێگەیشتن دەبێت، لەبەر ئەوە هیواداڕین بە بینینی دروستی حکومەت و هیمەتی برایان و خوشکانی کورد و بە یارمەتی هەموو حیزب و هێزەکان و لایەنە نیشتمانپەروەرەکانی وڵات، بە زوویی کۆتاییان پێبێت. گەلی کورد داوای مافێک دەکات کە لە شیری دایک حەڵاڵترە و ئەویش بەڕێوەبردنی ناوچەکەی خۆیان و کەڵکوەرگرتنە لە زمان و فەرهەنگی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا، بە پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێرانەوە. کاتێک لە بەرامبەر داخوازییەکی ئاوا سروشتیی‌دا کە جێبەجێکردنی سەد لە سەد لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامییدا دەگونجێت، کار دەگاتە قەتڵوعام، سەربڕین، سک دڕین، چاودەرهێنان و بەرێخستنی تانک و تۆپ و هێلیکۆپتەر و فرۆکە و خوێنی بەناحەقی خەڵکی کورد و ئازەریی و فارس لە سەر ئەم خاکە دەڕژێت. بێگومان دەبێ دڵنیابین کە دەستی "ئیبلیس" واتە ئیمپریالیزم و زایونیزم و پاشماوەکانی ڕژێمی ڕوخاو لە کاردایە و کاتێک کەسێکی ئێرانیی بە ناو و نیشانی خۆی و بە ئاراستەکردنی بەڵگەوە کە خۆی باوەڕی بە ڕاستبوونیان هەیە، دەیەوێت گۆشەیەک لە کارەکانی ئیبلیس پێشانی ئێمە بدات، دەبێ بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێبکرێت و خەڵک بە دروستیی لەو "گەنە"یە ئاگادار بکرێت کە بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە هەموو لایەک دەستمان داوەتە دەستی یەکتر و هەوڵدەدەین وڵاتی خۆمان لە کارەساتی براکوژیی ڕزگاربکەین. پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەو دەست و شێوازانەی کە کارەکانیان بەو کارەساتە گەیاندووە ، یارمەتی سەرکەوتنی ڕێگە چارەی ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان دەدات، چونکە ئەو ئیبلیسانە نەخەوتوون و دیسانیش دەگەڕێنەوە بۆ دانانی کۆمەڵێک لەمپەر کە نەهێڵن وتووێژی ئاشتیی بە ئاکام بگات.
هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (( ٧ی دێسامبری ١٩٧٩)) دا باس لە تاوانی سامناکی گوندی قارنێ دەکات و دەنوسێت: خەڵکی قارنێ چۆن قەتڵوعام کران؟ کێ بوون ئەوانەی لە کاتژمێر ١٣٠٠ی ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ ((٢ی سیپتامبری ١٩٧٩)) دا خەڵکی قارنێ یان قەتڵوعام کرد؟ بنەماڵەکانی ئەو کارەساتە داوای سزادانی بەرپرسانی قەتڵوعامی قارنێ دەکەن!
کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی یازدەی خەرمانانی ئەمساڵ، گوندی قارنێ کە دە کیلۆمەتر لە شاری نەغەدەوە دورە، لە پەلامارێکی داخهێنەری سێ کاتژێریی‌دا، (٦٧) کەسی لێکوژرا. لە نێوان چل بنەماڵەی نیشتەجێی ئەو گوندەدا، لە هەندێک بنەماڵەدا یەک و لە هەندێکیشیاندا شەش کەس کوژران. کوژراوەکان بریتی بوون لە ژن و پیاوی پیر و گەنج و تەنانەت بەشێکیان مناڵ بوون و تەمەنیان لە ژێر پێنج ساڵەوە بوو.
پلانی تاوان: کەم کەس دەتوانێت لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی قارنێ دانیشێت و گوێ بگرێت لەو بەسەرهاتەی کە لە ماوەی سێ کاتژمێردا بەسەر ئەو خەڵکە هاتووە و خەم هەڵینەگرێت. خەڵکی قارنێ دەربارەی ئەو کارەساتە، زانیاریی ڕاستەوخۆ و ڕوونیان هەیە. هەمزەی شەریفی تەمەن پانزدە ساڵ خوێندکاری ساڵی سێیەمی ڕێنمایی، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە کارەساتی کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی یازدەی خەرمانانی ئەمساڵ ئاشکرا دەکات. بەگشتیی هەموو بنەماڵەکانی شەهیدانی گوندی قارنێ ئەم بەڵگەیەیان بەدەستەوەیە. بەڵگەکە ئەمەیە، کەسێک بە ناوی حاجی عەزیمی مەعبودی بۆ خەلیلی خەسرەوی کوێخای دێ و چەند پیاوی ماقوڵی دێی نووسیوە. نامەکە لەسەر کاغەزی مارکداری توجارەتخانەی مەعبودی، خاوەن

شەریکەی تراکتۆری "یونیڤێرسال" لە شارەکانی نەغەدە، پیرانشار، شنۆ و دەوروبەر نوسراوە. خەڵکی قارنێ دەڵێن: ئەو یەکێکە لە دەربەگانی سەربە ڕژێمی پێشوو. نامەکە ڕۆژێک بەرلە کارەساتی قارنێ نووسراوە و دەقەکەی بەم جۆرەیە:

بەڕێز بەهلول گوڵستانی و عەزیز بازدار و خەلیل خەسرەوی. دوای سڵاو ، داوادەکەم بۆ هاتوچۆی شار بۆ خواردەمەنی گوندی قارنێ، بۆ خۆتان و برایانی تری گوندی قارنێ هاتوچۆتان هەبێت. هەر کەسێک بچوکترین گرفت بۆ ئێوە و بۆ برا کوردەکانی تر پێکبهێنێت، زوو بچنە لای "ئینتزامات"، یان وەرن بۆ لای خۆم تا ئەو کەسە بە ناوی دژی شۆڕش بگرم و تەسلیمی کاربەدەستانی حکومەتی بکەم. بەگشتیی هیچ مەترسییەکتان نەبێت، ئێمە برای یەکترین.

بە ڕێزەوە ، حاج عەزیم مەعبودی

ئیمز / ١٠ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ١ی سیپتامبری ١٩٧٩

گەماڕۆدانی گوند: ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ڕۆژی١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (( ٧ی دیسامبری ١٩٧٩)) ، لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بۆ نامەی مەعبودی دەکات و دەڵێت: لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە خەڵکی گوندی قارنێ نیگەران بوون و مەبەستی نووسەری نامە ئەوە بووە کە خەڵکی قارنێ ئارام بکاتەوە و بە ڕواڵەت سەرکەوتووە. هەمزە دەڵێت: ڕۆژی ١١ی خەرمانان دەوری دێیان بە تەواویی بە تانک و تۆپ گەماڕۆ دابوو. کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ نزیکەی (١٠٠) کەس لەگەڵ کەسێک بە ناوی قادری، بە بەرگی موجاهیدە پاسدارەکانەوە ڕژانە ماڵەکانەوە و هەر کەسێکیان دەستکەوت، کوشتیان و سەریان بڕی. مەلای دێ بە قورئانێکەوە چووە لایان و سوێندی بۆ خواردن کە خەڵکی ئەم دێیە هیچ تاوان و گوناهێکیان نیە. هێرشکەران دەستبەجێ مەلای دێیان کوشت و سەریان بڕی و سەرەکەیان لەگەڵ خۆیان برد بە چەشنێک کە هێشتا سەری مەلای دێ نەدۆزراوەتەوە.

ژنێک کە لەو کارەساتەدا دوو منداڵی ١٥ و ١٨ ساڵەی کوژرابوو، دەڵێت: ئەوان بەزەییان بە هیچ کەسدا نەهات. ئێمە نەک هەر ئەو هەموو بێبەزەییەمان نەبینیبوو، بەڵکوو نەشمانبیستبوو. ئەوانەی کە ئێستا زیندوون لەوکاتەدا یان لە گوند نەبوون یان توانییان بە جۆرێک خۆیان بشارنەوە.

دەربارەی چەشنی چەکە بەکارهاتووەکان لەو کارەساتەدا، پیرەمێردێک بە ناوی سەید ئەحمەد دەڵێت: ژمارەیەکیان بە تفەنگ کوشت و هەندێکیشیان بە کێرد و چەقۆ سەربڕی و ژمارەیەکیش بەتایبەتیی منداڵەکانیان بە شەق و لەژێر پۆتینەکانیاندا خنکاند. سەید ئەحمەد دەربارەی چۆنیەتی کوژرانی نۆ ئەندامی بنەماڵەکەی لەو کارەساتەدا، دەڵێت: ئەو ڕۆژە من لە نەغەدە بووم و ئێوارە کە گەڕامەوە قارنێ ، دۆزەخم بە چاوی خۆم بینی.

خەڵک چییان دەوێت؟ پتر لە سێ مانگ لە کارەساتی قارنێ تێدەپەڕێت. خەڵکی ئازاردراوی ئەو گوندە سەرەڕای کوژرانی ئازیزانیان، بە دەردێکی مەزنی تریشەوە دەناڵێنن، دەڵێن: دەردی ئێمە ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا هیچ کەس بە دەنگی ئێمەوە نەهاتووە. هیچ کەس نەهاتووە کە بارودۆخی ئێمە ببینێت. ئێمە قاتڵەکانی ئازیزانمان دەبینین کە سەرکەوتووانە بە ئارامیی بە لاماندا تێدەپەڕن. هەندێکیان بە هۆی ئەو تاوانەوە تەنانەت خەڵاتیش کراون! ئێمە دەزانین کە پلاندارێژی ئەو تاوانە تیمسارێک بووە لە سوپادا.

ئێمە پارەمان ناوێت! گروپێک لە خەڵکی قارنێ هەر کە ئاگاداربوون لیژنەی وتووێژی ئاشتیی هاتووەتە کوردستان، بە دوو مینیبوس لە قارنێوە هاتنە مهاباد و بە وتەکانیان داریوش فروهەریان خەمبارکرد. کاتێک فروهەر بە ژنێک کە مێردەکەی و دوو کچی کوژرابوو، گوت: بە کارەکەت ڕادەگەن، ژنەکە بە دەنگی بڵند لە کاتێکدا بوغوز گەرووی دەگوشی ، گوتی:

- لە دێیەکەی ئێمەدا تاوان "جنایەت" کراوە، ئێمە پارەمان ناوێت، تەنیا دەمانەوێت قاتڵی ئازیزەکانمان بگرن و موحاکەمەیان بکەن و سزایانبدەن. ئێمە دەمانەوێت ئەوانەی پەلاماری ماڵەکانی ئێمەیاندا و ژمارەیەک منداڵی بێتاوانیان کوشت و ئێستا بێباکانە بە لای ئێمەدا تێدەپەڕن، دەستگیر بکرێن و موحاکمەیان بکەن. ئێمە جگە لە عەدالەت، هیچمان ناوێت. ئێمە دەمانەوێت کەسێک بە دادی ئێمە بگات، کەسێک بێتە ئێرە و بە کاری ئێمە بگات. دوێنێ ژمارەیەک هاتن و گوتیان: شەڕە و شەڕیش شتی وای تێدا ڕوو دەدات، بەڵام بە خوا بە ئایین بە پێغەمبەر لێرە شەڕ نەبوو، کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوانیان سەربڕی. چۆن منداڵی چوار ساڵە دەتوانێت بەشداریی ڕاپەڕین بکات!

فروهەر بەڵێنی پێدان کە وتەکانیان بە ئیمام بگەیەنێت و بنەماڵەی کوژراوەکانیش سواری مینیبوسەکانیان بوون و لە حاڵێکدا کە ساتێک لە گریان و ناڵین نەدەبوونەوە و هەر تازیەبار بوون، گەڕانەوە گوندەکەیان.

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ١٧ی سیپتامبری ١٩٧٩)) ئایەتوڵا خومەینی لە قوم چاوی بە بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی قارنێ کەوت. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ی خەرمانانی ١٣٥٨ (( ١٨ی سیپتامبری ١٩٧٩)) دا بەشێک لە وتەکانی خومەینی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان بڵاوکردووەتەوە. خومەینی لەم بارەیەوە ڕادەگەیەنێت کە قەرەبووی بنەماڵەی شەهیدان دەکاتەوە و ئەنجامدەرانی کارەساتی قارنێ بە سزا دەگەیەنێت:

- بسم الله الرحمن الرحيم.... نوسراوەکەی ئێوەی بەڕێز دەخوێنمەوە و کاری لەسەر دەکەین. بزانن ئەوانەی زوڵمیان لە ئێوە کردووە، پێشتریش، دوێنێ شەو بەڕێز خلخالی پێی گوتم: لە بەدکاران بوون و سەرئەنجام ئینشائەڵا گرفتار دەبن و من لەم بارەیەوە کاری بۆ دەکەم کە بە عەدالەت بەڕێوە بچێت. ئەوانەی زوڵمیان کردووە سەر بە کۆماری ئیسلامیی نەبوون، کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی خەڵک ناکوژن و زوڵم و دەستدرێژیی ناکەن، ئەوانە بەدکار بوون کە ئینشائەڵا دەبێت دادگایی بکرێن و منیش ئینشائەڵا کاری لەسەر دەکەم. سەبارەت بە ئاوایی ئێوە، دەکۆڵمەوە و هیوادارم قەرەبوو بکرێتەوە.

ماڵپەری پێشمەرگەکان

# بە هاسانی هەموو کۆمەڵکوژییەکان



نووسینی: سەعید سەنەندەجی
لە فارسییەوە: مەسعوود مەناف


دووی سێپتامبر، ٣٣ ساڵ بە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە دا تێپەڕ دەبێ کە لە ٢ی سێپتامبری ١٩٧٩ی زایینی [١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی] قەوما. ئەی لە کوێن داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ تا دەنگی قوربانیانی فاشیسم بە دنیا بگەیەنن؟

گوندی قارنێ، یەکێک لە گوندەکانی کوردستانە کە بە گوێرەی دابەشکردنی جوگرافیایی لە ئێران، وەک یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شارستانی نەغەدە لە پارێزگای ورمێ دێتە ئەژمار. [هەر کەمێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران] ئەو گوندە لە لایەن چەکدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆدرا و دانیشتوانەکەی بە دەستی نێردراوانی حکومەتی ئێران کوژران.

کۆمەڵکوژی هەژێنەری کوردەکان لە قارنێ، هەر بە کوشتنی هاوڵاتیانی ئەو گوندە کۆتایی نەهات بەڵکوو چەکدارانی ڕێژیم، ڕەحمیان بە تەرمی قوربانیانیش نەکرد و بە خەنجەر و ساتوور، دەست و سەریان لە جەستەی بێ گیانیان جیا کردەوە. ئێستاش سەرەڕای تێپەڕبوونی سی و سێ ساڵ لەو هەڵسوکەوتە هەژێنەرە، بکوژرانی ناسراوی ئەو کارەساتە، لە ژێر چەتری پشتیوانی حکوومەتی ناوەندی ئێران دانە و هەرگیز بانگهێشتی دادگایەک نەکراون تا بە محاکەمەیان، گۆشەیەک لە زامی دڵی بنەماڵەی قوربانیان سارێژ بێت و ئارامیان پێ ببەخشێ.

گەلی کورد کە پاش لەسەرکارلابردنی "محەممەد ڕەزا پەهلەوی"، بە دڵخۆشی، بیری لە داهاتووی خۆی دەکردەوە، هەرگیز بە خەیاڵی دا نەدەهات کە دوژمنایەتی ڕێژیمی نوێ لە بەرانبەر کورد، هەر وەک ڕێژیمەکەی پێشوو درێژەی هەبێت بەڵام مێژوو بە زوویی نیشانی دان کە لە هەڵە دان و دەسەڵاتی ناوەندی، هەمان سیاسەتی حکومەتی پێشوو لە بەرانبەریان دا پێڕەو دەکات.

تەنیا چەند مانگ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، سیاسەتی گووشار و دوژمنایەتی لەگەڵ کورد، بوو بە هۆی چۆلکرانی ٣٠ گوندی "سۆما" و "برادۆست". کۆچێکی زۆرەملی کە وەک یەکێک لە شێوازەکانی "کۆمەڵکوژی" دێتە ئەژمار، زانیارییەک کە تەنانەت لە ڕۆژنامەی "کەیهان"ی زمانحاڵی ڕێژیمیش دەنگی دایەوە و لە ٨ی ئاوریلی ١٩٧٩ واتە ١٨ی نەورۆزی ١٣٥٨ بە چاپ گەیشت.



### حاجی حەسەنی و قەمەبەدەستانی هاوڕێی

حکومەتی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، سیاسەتی گووشار بەرانبەر بە گەلی کوردی کردبوو بە یەکێک لە بەرنامە سەرەکییەکانی خۆی. لە کتێبی" قارنا و انقلاب- "کە کۆمەڵێک بەڵگەی فەرمی حکومەتی ئێران و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی دە خۆیدا کۆکردۆتەوە -ئەو خاڵە تەیید دەکرێت کە" حاجی عەزیم مەعبوودی "لە نامەیەک دا بۆ" بەهلوول گوڵستان، عەزیز بازدار و خەلیل خەسرەوی"، لە ڕدێن سپییەکانی ناوچە، نووسیبووی :وێڕای سڵاو، تکایە بۆ کڕینی خۆراکی گوندی قارنێ، هەم خۆتان و هەم برایانی تری ئەو گوندە هاتووچۆی شار[مەبەست نەغەدە] بکەن. هەر کەس چووکترین کێشەی بۆ ئێوە برایانی کورد سازکرد، بە زووترین کات بە ئینتزامات یا خۆمی ڕابگەیەنن تا بە ناوی زیدی ئینقلاب بیگرین و ڕادەستی بەرپرسانی دەوڵەتی بکەین. خۆلاسە هیچ خۆتان نارەحەت مەکەن، ئێمە هەموو براین."

دانیشتوانی گوندی قارنێ کە سەرەڕای پێڕەوکرانی سیاسەتی داماڵینی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، لە ماڵی خۆیان لە سەر خاکی هەمیشە کوردستانییەکەیان دەژیان، کاتێک ئەو نامەیان لە لایەن بەرپرسێکی فەرمی وڵاتەوە بە دەست گەیشت، هێوربوونەوە و بە دڵخۆشییەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانی. بەڵام مخابن ئەوان خافڵ لەوە بوون کە ئەو نامە تەنیا داوێکی تری ڕێژیمە و دەسەڵاتداران تەنیا بۆ فریوی بیرو ڕای گشتی و پێشگرتن لە هەڵاتنی دانیشتوانی ئەو ناوچە، نامەیەکی ئەوتۆیان بۆ ناردوون.

٢ی سێپتامبری ١٩٧٩ی زایینی [١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی]، نزیک بە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ، کاتێک مناڵەکان لە حەوشە کایەیان دەکرد و ژنان سەرقاڵی کاروباری ناوماڵ و گەنج و کاڵەکانی گوند لە دەور و پشتی دێ سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشت و کاڵ بوون، چەکدارانی ڕێژیم، تەیار بە تانک و تۆپ و چەکی قورس و سووک و سارد، هێرشیان کردە سەر گوندی قارنێ.

لە ڕاپۆرتێک دا کە ڕۆژی ٧ی دێسامبری ١٩٧٩، لە ڕۆژنامەی "ئیتلاعات"ی چاپی تاران بڵاوکرایەوە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە تەیاربوونی چەکدارانی ڕەژیم بە "تۆپ و تانک و چەکی سووک و هتد کراوە.



"مەلا محەممەد"، پێشنوێژی گوندی قارنێ، کاتێک هێرشی هەمەلایەنەی چەکدارانی ڕەژیم بۆ سەر گوندەکە دەبینێ، کتێبی پیرۆزی قورعان بە دەستەوە دەگرێ و دەچێتە پێشوازیان و بە ناوی کەلامی خودا سوێندیان دەدات کە خەڵکی قارنێ نەکوژن بەڵام جەلادەکانی ڕەژیم، گوللەیەک لە سینگی ئەو مەلایە دەدەن و پاشان سەری دەبڕن. ڕووداوێک کە لە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٧٩ لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتیش دا بە چاپ گەیشت.

بە گوێرەی فیلمێکی کورتی بەڵگەنامەیی کە "بێهداد بۆردبار" ئامادەی کردووە، ئەو کات ٨٠ ماڵبات لە گوندی قارنێ ژیاون. ڕۆژنامەی کەیهان، کە زمانحاڵی حکومەتە، ڕۆژی ٢٧ی نۆڤامبری ١٩٧٩ ڕاپۆرتێکی لەمبارەوە بڵاوکردەوە و تێیدا نووسیبووی کە هەژماری کوژراوانی قارنێ ٦٨ کەس بووە.

چەکدارانی ئێران لە ماوەی ٢ کاتژمێر دا، هەر گیانلەبەرێکی کە دیتیان کوشتیان. لە مناڵ و ژن و پیرەوە بگرە تا گەنج و بەساڵاچوو و پاش ئەوەی کە کوشتارە ئەمرکراوەکەیان ئەنجام دا، تەرمی بێ گیانی قوربانییەکانیان لەت لەت کرد لە دەرەوەی ئاوای فڕێیان دان تا وا نیشان بدەن کە ئەو کەسانە لە شەڕ دا کوژراون. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٧٩ی خۆیدا ئاماژە بە هەڵسوکەتی وەحشیانەی بکوژان و پارچە پرچەکردنی تەرمی قوربانیانی قارنێ دەکات.

"سادق خەڵخاڵی" کە لە ناوی بە ڕێژەی یەکجار زۆری ئیعدامەکان لە کوردستان گرێ دراوە، سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ لە نامەیەک دا بۆ "خومەینی" ڕێبەری ئەوکاتی ئێران نووسیبووی: ڕووداوی دڵتەزێنی قارنێ، دڵ هەر مرۆڤێک دەشەوتێنێ. "مەلا مەحموود مەستوورزادە"، کە بە قورئانەوە دەچێتە پێشوازی هێرشبەران، لە لایەن پیاوەکانی "مەعبوودی، سەرگورد نەجەفی، عەزیز

قادری و مەلا حەسەنی'یەوە بە ٦٥ کەسی ترەوە کوژراوە. ئەگەر ئیمام، بەدواداچوونی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە نەکات، ئەی کێ بیکات؟

بە ڕێزەوە/ سادق خەڵخاڵی.

کوشتاری هۆڤانەی قارنێ وەها دەنگدانەوەیەکی لە مێدیاکان دا هەبوو و تا ڕادەیەکی ئەوەندە زۆر سەرنجییان بۆ لای خۆی ڕاکێشا کە بە دەستووری "خومەینی" و ئەمری نووسراوی "مونتەزیری"، نوێنەرێکی پارلەمان بە ناوی "مەهدی بەهادۆران" نێردرایە کوردستان وئازەربایجان تا لە شوێنی ڕووداوەکە سەبارەت بەو کارەساتە لێکۆڵینەوە بکات. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری خۆیدا ئاماژە بەو مەسەلە دەکات.

مەهدی بەهادۆران، پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد، ئامادەکردنی بەڵگە و تۆمارکردنی چەندین وتووێژ لەگەڵ کەسانی نیشتەجێی هەرێمەکە، ئەرکە گرینگەکەی خۆی بەجێ دەگەیەنێ و پاش کۆتایی هاتنی، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل ئامادە دەکات و دەیداتە خومەینی. بەشێک لە ڕاپۆرتی ناوبراو لە ڕاپۆرتی ڕۆژی ١٧ی سیپتامبری ١٩٧٩ی ڕۆژنامەی ئیتلاعات دا بڵاوکراتەوە. لە بەشێک لەو ڕاپۆرتە دا هاتووە:

بکوژرانی خەڵکی قارنێ کەسانێکی ناسراوی کۆماری ئیسلامی وەک "دوکتۆر چەمران، تیمسار زەهیرنەژاد، سەرهەنگ شەهبازیان فەرماندەی لەشکری ۶۴ ی ورمێ" و چەندین فەرماندەی تری ئەرتەش و نادرمەی ڕەژیم بوونە. مەهدی بەهادۆران بە خومەینی و مونتەزیری ڕاگەیاندبوو کە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی ئەنجام داوە و نەوار و بەڵگەیەکی زۆری ئامادە کردووە. بە گوێرەی زانیارییەکانی ناوبراو، "مەعبوودی و سەرهەنگ نەجەفی"، سەرپەرشتی "هێزەکانی جەوانمەرد"ی پێکهاتوو لە تورکە توندڕۆکانیان بە دەست بووە کاتێک کارەساتی قارنێیان خوڵقاندووە. ئەو نوێنەرەی پارلەمان لە ڕاپۆرتەکەی دا هەروەها ئاماژەی بەوەش کردبوو کە پشتیوانی زەهیر نەژاد لە قاتڵان و تاوانبارانی ئەو کۆمەڵکوژییە، دەرفەتی پەلکێشکردنی ئەو کەسانە بە دادگاکان نادات.

لە ڕاپۆرتێکی تر دا کە سەبارەت بە بەجێماوانی بنەماڵەی قوربانیانی قارنێ ئامادەکرابوو، خاڵی سەرنجڕاکێشی تر دەهاتنەوە بەرچاو کە لە هەمان ڕۆژنامە دا بڵاوکرابۆوە بۆ وێنە: "حەمزە شەریفی"، تازەلاوێکی تەمەن ١۵ ساڵی گوندەکە کە قوتابی ساڵی سێی قۆناخی ناوەندی بوو، سەبارەت بەو کارەساتەی کە لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆی ١١ی خەرمانانانی ١٣۵٨ ((٢ی سێپتامبری ١٩٧٩)) خوڵقا وتبووی: گوندەکە بە تۆپ و تانک گەمارۆ درا، کاتژمێر یەک، گرووپێکی ١٠٠ کەسی بە سەرپەرشتی کەسێک بە ناوی "قاری" و بە جلو بەرگی پاستاری موجاهید، هێرشیان کردە سەر ماڵی خەڵک و هەر کەسێکی کە هاتە بەرچاویان کوشتیان و سەریان بڕی. مەلای گوند، قورئانی گرتە دەست و بە پێشوازیانەوە چوو و سوێندی خوارد کە خەڵکی ئەو گوندە هیچ تاوانێکیان نییە، هێرشبەران، یەکجێ مەلایان کوشت و سەریان بڕی و لەگەڵ خۆیان برد. تاکوو ئێستاش سەری مەلا نەدۆزراوەتەوە.

کەسێکی تر بە ناوی" سەید ئەحمەد "کە خۆی ٩ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی لەدەست دابوو وتی کە هەندێکیان بە چەک کوشتن، هەندێکیان بە چەقۆ و قەمە سربڕی و هەندێک لە مناڵەکانیشیان بە پێلاقە و لە ژێر پۆتینەکانیان کوشت. کاتێک سەید ئەحمەد لە شارەوە دەگەڕێتەوە قارنێ، ئەو جەهەنەمە بە چاوی خۆی دەبینێ. ئەوە دوا ڕستەیە کە ناوبراو بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی دەڵێ.

گرووپێک لە گوندنشینانی قارنێ، پاش ئاگاداربوونەوە لە سەفەری نێردراوانی ڕەژیمی ئێران، بە دوو مینی بووس، خۆیان دەگەیەننە مەهاباد. ئەو کەسانە بە گیرانەوەی بەسەرهاتەکە، "داریوش فرووهەر"، بەرپرسی وەفدەکە زۆر نارەحەت دەکەن. کاتێک فرووهەر لە وەڵامی ژنێک دا کە هاوسەر و دوو کچەکەی لە دەست دابوو وتبووی "بەدواداچوونی ئەو کێشە دەکەین"، بەڵام ژنە بە دەنگی بەرز و تێکەڵ بە بەغز و گریانەوە هاواری کردبوو: لە گوندی ئێمە جەنایەت کراوە، ئێمە پارەمان ناوێ، ئێمە تەنیا محاکمەی بکوژانی ئازیزەکانمان دەوێ. دەمانهەوێ ئەو کەسانەی هێرشیان کردە سەر ماڵەکانمان و مناڵە بێگوناهەکانی ئێمەیان کوشت قۆڵبەست بکرێن و سزا بدرێن نە ئەوە کە بە ئاسوودەی و لە بەرچاوی ئێمە بێن و برۆن. ئێمە لە دادپەروەری زیاتر چمان ناوێ. ئێمە تەنیا دەمانەوێ کە یەکێک بە پیر هاوارمانەوە بێت. دوێنێ گرووپێک هاتن و گوتیان "شەڕ بووە و لە شەڕ دا شتی وا ڕوو هەر دەدات، بەڵام بە خوا، بە دین، بە پێغەمبەر، لێرە هیچ شەڕێک لە ئارادانەبووە، تەنیا کۆمەڵێک خەڵکی بێ گوناه پارچە پارچە کراون. مناڵی چوار ساڵە چۆن دەتوانێ بەشداری شەڕ بێ؟

سی و سی ساڵ بە سەر کۆمەڵکوژی قارنێ تێپەڕ بووە. دەسەڵاتداری شۆڕش، تاکوو ئێستاش گرینگییەکیان بە ڕاپۆرتەکانی خۆیان کە لە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی خۆیان دا بڵاوکرایەوە نەداوە. پلان داڕێژەران و بکوژانی قارنێ، زۆربەیان زیندوون و باڵاترین پۆستگەلیان لە ئێرانی ئێستا دا هەیە. هەموو بەڵگەکان و لێدوانی بەجێماوانی ئەو کارەساتە نیشان دەدات کە کۆمەڵکوژی سیاسی قارنێ، بە پیلانی خۆی حکومەت ئەنجام دراوە. پیلانێک، بۆ توناکردنی گرووپێکی ئێتنیکی دیاریکراو داڕێژراو و دواتر پڕاکتیزەکرا. پیلانێک کە بە پشتیوانی زۆربەی کەسایەتییە ناسراوەکانی حکومەتی ئەو کات ئامادە کرا و پاشان و ئەنجام درا. ڕووداوێک کە ئەمڕۆ بە ناوی "کۆمەڵکوژی" دەیناسین.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە چۆنە لە جیهانی بە قسە "مۆدێرن"ی ئەوڕۆ دا، حکومەتێک پیلانی کوشتاری بە کۆمەڵی گەلێک دادەڕێژرێ و دواتر پڕاکتیزەی دەکا، بەڵام تاکوو ئێستاش، نە تەنیا ئەو کارەساتە لە هیچ وڵاتێک وەک "ژینۆساید" بە فەرمی نەناسراوە بەڵکوو تەنانەت هیچ ڕاگەیاندنێکی جیهانیش، باسی ناکات؟




بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە:

١-.بێهزاد خۆشحاڵی ێ‌قارنا و انقلاب

٢- سۆران کەرباسیان ێقارنێ ساید

٣- بێهداد بۆردبار ێفیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بەو ئادرەسەی ژێرەوە

۴- ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهان، چاپی تاران

ماڵپەری : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ

# ئاوریک لەمێژوو و یادێک لە قارنێ .!



سەلاح سەمەدی

ئاوریک لەمێژوو و یادێک لە قارنێ .!

ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ١٣٩١ (( ١ی سیپتامبری ٢٠١٢)) بەرابەرە بە تێپەرینی ٣٣ ساڵ بە سەر کارەساتە سامناکەکەی ئاوایی قارنێ هەڵکەوتوو لە ٣ کیلومەتری شاری نەغەدە لە سەر ڕێگای ئەسلی نێوان دوو شارستانی نەغەدە و پیرانشار.

.بۆدەست پێکی ئەم بابەت ویادکردنەوە مێژووییە پێویستە کە بە کورتی ئاورێک سەبارە بە هۆکاری بەرێوە چوونی ئەم جینایەت کەلەهەلومەرجێکی ناسکی تازە هاتنە سەرکارو وبەدەستەوە گرتنی جڵەویی دەسەڵاتداری یەتی بەشێوەیەک کەلەکراواتەوە بۆ دەستمال فلەستینی "چەفییە" ولەمینبەرەوە بۆ سەر تەختی ڕیاسەت و فەرمانرەوایی کردن بە سەر میللەتێکی وەک ئێراندا و بە بیریکی دواکەوتوانەی مەزهەبی کە دژایەتی لە گەڵ زانست وتکنۆلۆژیای ڕۆژ بە ڕۆژی سەردەم وبە شێوە سیستمێکی غەریب لەقاموسی سیاسی دا، کە پێک هاتوو لە دوو وشەیی دژ بە یەکی کۆماری و ئیسلامی و مەلاکان وپاش ماوە ساواکی یەکانی ڕژیمی ڕوخاویی شای پێشوو، بدەینەوە.

دوای ڕوخانی ڕژیمی حەمەرەزاشا وسەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٥٧ وبەتاڵان بردنی بەرهەمی وەدست هاتووی خەڵکی ئێران لەو شۆرشەلە لایەن ئاخوندەکانەوە ولێک ترازانی دام ودەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی لە کوردستان و هەلومەرجێکی ئاوەڵا پێک هات وئەو بۆشایی یەی کە دروست ببوو وردە وردە لەلایەن ڕێکخراو وهێزە سیاسی یە خۆجیییەکانەوە بەرەو پڕ بوونەوە دەچوو وبەجۆرێک کە هەر یەک لە وانە ئازادانە بانگەشەیان بۆ ئیدە و بەرنامەکانی خۆیان دەکردو چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان ئەنجام دەدا.

جۆڵانەوەی گەلی کوردیش پاش سڕ بوونێکی چەندها ساڵە لەم قۆناغەدا بووژایەوە و ح د ک ئێران کەلەم نێوەدا بە دروشمی دێموکراسی بۆئیران وخودموختاری بۆ کوردستان چالاکانە هاتبوو مەیدان، بەشێوەیەکی خێرا پەرەی گرت کە بەڵکوو بتوانێ لەرێگای دانیشتن ودیالۆگەوە بۆ دۆزینەوەی مکانیزمێکی گونجاو بەمەبەستی چارەسەری کێشەکان ودابین کردنی مافە ڕەوا وخوراوەکانی گەلی کوردلەکوردستانی ئێراندا، لە گەڵ مەلاکانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە سەرەوەی هەموویان شەخسی خومەینی کەهەرلە سەرەتاوە خۆی بەنوێنەری خواله سەر زەویی لە قەڵەم دا و شعاری ژیانی بێ گێرەو کێشەی "امتی واحدە"ی لە پەنا یەکتردا هەڵگرتبوو، دابنیشێ وجارێکی تر بەکردەوە بسەلمێنێ کە کورد دابڕانی کوردستانی لە ئێران ناوێ وتەنیا داوای سەرەتایی ترین مافەکانی خۆی دەکاو ئاواتی بەیەکەوە ژیانە.

هەرچەند کە بەدرێژایی مێژوو ئەگەر لەوڵاتێک دا تەنانەت ئاڵوگۆری بنەرەتیش بەسەر وڵاتەکەدا هاتبێ بە نیسبەتی ئەوبەشانەی کەکوردیان تێدا نیشتەجێ یە هیچ لەمەسەلەکە نەگۆڕاوەو زوڵم وچەوساندنەوەی کورد لەجێگای خوێدا وەک ئەسلێک پارێزاوە وزاڵمەکان وەک خەڵات بۆ یەکتریان بەجێ هێشتووە وتەنانەت وەک پەیماننامەش لەنیوان دەولەتانی دژ بەکورد هیناویانە.

خومەینی کەلە فریودان وبەلارێ دا بردن پسپۆری بەتەواو مانا بوو بەدانی وەعدە و بەڵێنی درۆ بە خەڵکی ئیران بە گشتی وگەلی کورد بەتایبەتی، تەنیا بۆماوەی چەند مانگێک دوای فرچک گرتنی حکومەتە نۆی یەکەی وتێگەیشتن لە دژایەتی لە شێوە سیستمی نوێ و نۆبەرەی کۆماری لەگەڵ ئیسلامی و ویست وداخوازی یەکانی بەتایبەت گەلی کورد لەگەڵ قازانج وبەرژەوەندی ئەوان لە و بیرە دواکەوتوو وکۆنە کەی ئەوان لە گەڵ زانست وپێشکەوتن وتکنۆلۆژیای ڕۆژ بە ڕۆژی سەردەم وئاوات وئامانجەکانی خەڵکی ئێران یەکتر ناگرێتەوە وله ئاکامدا بۆدەسەڵاتداری ئەوان کیشە خولقێن دەبێ ،کە ئەو ڕۆژەی ئەوان لێی دەترسان تەنیا دوای چەند مانگ هاتە ئاراو عالمانی خوین ڕشتن، هاتن یەکەم خەڵاتی بابا نۆئێل (خومەینی) یان کە مەرگ وکوشتن وئێعدام وگرتن وتیرۆر وئەشکەنجە و بێ سەر وشوین کردن وسوتاندن وکاولکاری وقەڵاچۆکردن وپیلان وئاژاوە نانەوە و دەربەدەری وبێکاری وتبعید و"اعتیاد"و"فساد" بۆخەڵکی ئێران و بە تایبەت بۆکوردستان بوو، یەکەم هەنگاویان لە سەرو بەندی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨دا لە نێو خەڵکی شاری سنە هاویشت و وەک نەورۆزانەی ئەو ساڵە، نەورۆز و خەلکی ئەوشارەیان بەشیوەیەکی زۆردڕندانە خستە بەرگوللەی چەکەکانیان و دواتریش لە زۆربەی شارەکانی وەک پاوە، سەقز ومەهاباد و سەردەشت وبە تایبەت شاری نەغەدە کە پیلان نانەوەی شەری براکوژی لە نێوان دوو نەتەوەی کورد وئازەری لەو شارە بوو، بڵاویان کردەوە کە ئاکام وئاسار و ئازارەکەشی ئێستاش لە سەر باڵای ئەم دوونەتەوە بن دەست وچەوساوەیە هەرماوە تەوە .

یادرکردنی فتوای جیهادی ئیمامی ئەشکەوتی جەماران ( خومەینی ) بۆسەر خەڵکی کوردستان وەک جینایەتکارێکی سەردەم بەرابەر بوو لە گەڵ ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی کودیتا" پیرۆز"ەکەی شا وزاهیدی . بەکرانەوەی مەجلیسی خیبرەگان وئەوان بە ئیستلاح خیبرانە، بەجێگای دێموکراسی بۆ ئێران، دیکتاتۆری وله جێی خودموختاری بۆ خەڵکی کوردستان، لەشکرکشی یان کرد. هەرئەم بەرەکەتەی نوینەری خوا (خمینی) بوو کە یەکەم هوونەری خوێ وەک "معجزە" بۆسەلماندنی ئیدعایەکەی خۆی لە یەکەم هەنگاو دا کەلامی خوا (قورئان) ی پیرۆزی مزگەوتی ئاوایی قارنێ کە لەلایەن ماموستا مەلا" محمودبهترزادە" مەلای ئاوایی بەرەو پیری کوردکوژانی یارانی ئەم ئیمامە خوین ڕێژەی بردبوو کە وازلە خەڵکی بێ تاوانی ئاوایی قارنێ بێنن، دەسووتێنن و ودوا تریش سەری مەلامەحموود کەخزمەتی بە کەلام ومال ودین وئایین و بەرنامەکانی خودای دەکرد، دەبڕن . ئەمجارە لە سووتاندنی مزگەوت وهەڵدڕاندنی سکی ژنانی دوو گیان وکوشتنی پیرو پەککەوتووەکانەوە بگرە بۆ منداڵانی ساوا وشوان و گاوان وقەتڵ وعام کردنی مەڕوماڵاتی بێ زمان ، بەشێوەیەک کە ماموستایانی خوین ڕیژ تەنیا لە ماوەیەکی زۆر کورت دا ٦٨ کەسی بێ گوناه و بێ دیفاح یان شەهید کرد وگووندی قارنێ یان بەتەواویی قەڵاچۆو ڕەش پۆش کرد، کە لە خوارەوە ئاماژە بە تەنیا نێویی چەند کەسێکیان کراوە.

بە خۆشی یە ئەمرۆ ئیتر لە کاتێک دا یادی نەمرانی قارنێ دەکەینەوە کە دونیا بە تەواویی لە سیاسەتەکانی مەترسی داری دژی مرۆڤایەتی حاکمانی زاڵ بەسەر وڵاتەکەمان ئێراندا، کە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پڕ لە هەرچەشنە جینایەتکاری نەک بۆخەڵکی ئێران وکوردستان بەڵکو بۆ سەر کۆمەڵگای جیهانی تیگەیشتوون وئیتر ڕێگایان پێی نادەن کە بە دڵخوازی خۆیان ئەسبی مورادیان لە گۆڕەپانی تاوان دا تاو بدەن. ئیتر بە خۆشی یەوە ڕۆژبە ڕۆژ لە وەدیهاتنی بەرهەمی خوین وخەبات وئامانج و ئاواتە پیرۆزەکانی سەرجەم شەهیدانی حیزب وگەل نزیک و نزیکتر دەبینەوە و ئاسۆی ئازادی و رزگاری گەش وگەشتر خۆی دەردەخا وکاتی ئەوەش نزیک بۆتەوە کە فتوادەران وفەرماندەر و قاتلانی سەرجەم شەهیدانی کوردوکوردستان و بە تایبەتی ئاوایی قارنێ، ئامادە وچاوەڕوانی دادگای عەدالەت بن و تاوانی جینایەتەکەیان بدەنەوە بەکەس و کاری بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

هەزاران سڵاوله گیانی پاکی شەهیدانی قارنێ

٣ی سیپتامبری ٢٠١٢ / ماڵپەری : خاکەلێوە

## فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی دژە ژنۆساید لە کوردستان: ئەنجامدەرانی کومەڵکوژیەکەی قارنێ دادگایی بکرێن



لە بەیاننامەیەکدا فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی دژە ژنۆساید لە کوردستان، داوادەکەن کە بەرپرسان و ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژیەکانی قارنێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادگایی بکرێن.

فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی دژی ژنوساید لەو بەیاننامەیەدا داوا دەکەن کە لە یادی ٣٣ ساڵەی تاوانی قارنێ و سەرجەم کۆمەڵکوژییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرپرسان و ئەنجامدەرانی تاوانەکە دادگایی بکرێن.

لەو بەیاننامەیەدا هاتوە " ڕۆژی ١١ی خەرمانان ١٣٥٨ (( ٢ی سیپتامبری ١٩٧٩ )),, هێزەکانی ڕژیم لە سوپای پاسداران لە نەغەدە و جەڵدیانەوە هیرش دەکەنە سەر گوندی دووئاوە, لەوی دووبرا شەهید دەکەن، لە کاتی گەڕانەوەیان دەست دەکەن بە کوشت و بڕی دانیشتوانی گوندی قارنی, لە ئەنجامدا نزیک بە 70 کەسی ئەم گوندە لە منداڵ و پیر و ژن بە کۆمەڵ دەکوژن و لە ناویاندا مەلای گوندەکە کە بە قورئانەوە بۆ پێشگرتن لە کوشتنی خەڵک هاتبوو بۆ لای پاسدارەکان لە لایەن پاسدارەکانەوە کوژرا.

دەقی بەیاننامەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە یادی ٣٣ ساڵەی تاوانی قارنێدا

٢ ی سێپتامبر ڕۆژی کۆمەڵکوژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەمەنی ٣٣ ساڵەی خۆیدا، هەزاران تاوانی بەرانبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە و لەو نێوەدا دەیان هەزار لە هاووڵاتییە شڤیلەکانی گەلەکەمانی بە کۆمەڵ و بە تاک کوشتوە. تاوانی کوشتوبڕی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی شڤیلی گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش و سەروکانی و سوکەند دەچنە چوارچێوەی ئەو تاوانانەوە .

ڕۆژی ١١ی خەرمانان ١٣٥٨ (( ٢ی سیپتامبری ١٩٧٩ )), هێزەکانی سوپای پاسداران لە نەغەدە و جەڵدیانەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی دووئاوە و لەوی دوو برا شەهید دەکەن .

لە کاتی گەڕانەوەیان بە قارنێدا, دەست دەکەن بە کوشت و بڕی دانیشتوانی گوندی قارنی و لە ئەنجامدا نزیک بە ٧٠ هاووڵاتیی ئەم گوندە لە منداڵ و پیر و ژن بە کۆمەڵ دەکوژن و لە ناویاندا مەلای گوند بە ناوی مەلا مەحمود سەردەبڕن.

تاوانی کۆمەڵکوژی گوندی قارنێ بە هەموو پێوەرێک دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگەوە , ئەم تاوانانەش لێخۆشبوون لە تاوانبارانی نییە و بکەرانی لە هەر کات و شوێنێکدا بێت دەبێت لە سزادان ڕزگاریان نەبێت .

ئێمە لە یادی ٣٣ ساڵەی تاوانی قارنێ و سەرجەم کۆمەڵکوژییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرین و هاوکات داوای دادگایی کردنی ئەنجام دەران و بەرپرسانی ئەو جینایەتە دەکەین .

فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی دژە جینۆساید لە کوردستان

کوردستان

١ی سیپتامبری ٢٠١٢

ڕێکخراوەکانی ئەندامی فیدراسیۆن:

١- سەنتەری ئەنفال

٢- ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

٣- ڕێکخراوی فەژین بۆ قوربانیانی ژنۆسایدی بارزانیان

٤- کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

٥- کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیان و کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان

٦- ناوەندی ڕێگا بۆ پرسی ئەنفال و کیمیاباران – دوکان

٧- چاودێری کوردۆساید-چاک

٨- ڕێکخراوی هەڵوێست بۆ داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفال

٩- ڕێکخراوی شەهید ئارام

١٠- ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال

١١- سەنتەری ئەنفال یا بارزانیان

١٢- ڕێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوانی بالیسان و دەوروبەری

١٣- ڕێکخراوی کار بۆ ئەنفال

١٤- سەنتەری ئەنفال-دهۆک

١٥- ناوەندی داکۆکیکردن لە زیان لێکەوتوان و ئاوەدانی پشدەر

١٦- دەزگای مۆنمێنتی هەڵەبجە لە هۆڵەندە

١٧- رێکخراوی کارا بۆ داکۆکیکردن لە کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال

١٨- کۆمەڵەی زیندانیانی ئەنفالکراوانی کوردستان

سەرچاوە ماڵپەری : کوردستان و کورد

## قارنێ و قەڵاتان



سمکۆ بێکەس

قارنێ و قەلاتان

زامێکی بە ژان ، کۆمەڵکوژی ئینسانەکان

خەرمانان بوو ، خەڵکی جوتیارخەریکی کۆکردنەوەی دەغلودان بوو

مۆتەکەی شومی مەرگ لەناو گوند دا چاوەروان بوو

دوژمنانی مروڤ ، ئەوانەی بەرگی تاوان وا لە بەریان

ئەوانەی کە خوێن رشتن دایم وا لە موخی سەریان

،ئەوانەی گوندو شارمان دەسوتینن ،بە توپ وتانک و ناپاڵم خاپوور دەکەن ماڵ وحاڵم ئەوانەی بە ناوی دین دەمان کوژن ،پێمان دەڵێن کافرو بێ دین ،خۆ ماموستاکەی گوندی قارنێ ، قورئانەکەی لە دەست دا بوو، بۆ تکا چوو ، بە بێ گوێ دان بە قورئان ، سەریان بری شەهیدیان کرد ، کردیان بێ گیان

دوژمنانی دین و قورئان ، پاسدارانی چەک بە دەستی چڵکاو خۆری ئاخوندەکان لە قارنێ و لە قەڵاتان ، لە ئیندرقاش ، لە خە لیفان ، دەیان کەسیان کوشت بێ تاوان بە فیشەکی ژەهراوی مەرگ ،مریشک و مەرومالاتیان ، بە خانووهکانەوە دەسوتاند ، وەک مۆتەکەی رەش و چڵکن بە بریاری ئاغاکانیان ،کوندە پەپووی شووم و لاسار چەپکە گوڵی دەشتی نەغەدەیان بە ناحەق هەڵ وەراند ، زامێکی گەورەیان لە ناو دلی ئێمە دا چاند، دار و گوڵ و ماڵ و ئینسان گشت پێکەوە دەسوتان ،بە دست رشی داگیرکەران، هاواری بێ دەسەلاتی دەگەیشتە کەشکە شە ی ئاسمان

کوا بەزیی، کواویژدان بوو، تەنیا فیشەک و تاوان بوو ،تەنیا رق وقینی دوژمن بۆ لە ناو بردنی کوردان بوو

بە سەر گوندی دەستەوستان ،هەروەک باران رقوگوللەی داگیر کەران دادەباران

ئەوانەی کۆشکی تاوانیان لە ئاسمانە ، بەڵام ویژدانیان زور هەرزانە

ئەوانەی دڵ رەقن ،خوێن مژن ، بێ ویژدانن بە بێ تاوان خەڵک دەکوژن

با بە هە مومان لە گشت جیهان هەموو کوردان بە گشتمان ، لە گەڵ دوست و ئازیزانمان ، دەنگ هەڵ برین هاوار بکەین

نا بۆ کوشتن ، نا بۆ تیرور ، نا بۆ سوتان و زوڵم و زۆر



نا بۆ کوشتنی بێ تاوان ، ئازادی داوای رەوامان

مافی ئازادی بۆ کوردان ، حە قی خویەتی بێ گومان

دەبێ لە خاکی کوردستان، وەدەر نرێن داگیرکەران

تا چی دی شەهید نە کرێ ، خەڵکی کوردی بێ تاوانمان

یا خود ویران و خاپور بێ گوند و شاری کوردستانمان

ئەی دوژمنانی بێ ویژدان دڵنیا بن لە کوردستان

بە هیچ تاوانێکی رەشتان دەنگی ئێمە قەت کپ نابێ

هەتاکوو گەلی کورد مابێ و ئازادی مافی رەوا بێ